بسم الله الرحمن الرحيم

# تەسبێح فرۆش

# تەسبێح فرۆش

نووسینی :
عەبدولڕەحمان فەهیمی

سەرناسە : فەهیمی، عەبدولڕەحمان ١٣٣٤
عینوان‌ونێوی‌بەدیهێنەر:تەسبێح‌فرۆش/نووسەر عەبدولڕەحمان فەهیمی
نێوەڕۆک : سەفەرنامە
شابەک :
تەوەر :
ڕەدەبەندی دیویی :
ژمارەی کتێب‌ناسی میللی :

## ناسنامەی کتێب

**نێوی کتێب** : تەسبێح فرۆش
**نووسەر** : عەبدولرەحمان فەهیمی
**سەرنجیار:** سۆران فەهیمی
**ڕووبەرگ** : خەلیل رەحیم‌پوور
**ئەژمار:** ١٠٠٠ دانە
**پیتچن** : ئومید موقەددەس
**چاپەمەنی** :
**ناوەندی بلاوکردنەوە:**
**نرخ** : تمەن

ئەوا هەشت ساڵە خانەنشینم. سەرەتای خانەنشینیم لە بیری ئەوەدا بووم سەرقاڵییەک بۆ خۆم وەدۆزم. پیاو بە بێکاری وەڕەز دەبێ. دەسمایەم نەبوو دووکانێک دانێم. زۆریشم حەز لە گەڕانی شار و گۆندان بوو . ئەو گەڕانەش خەرجی دەویست. مووچەی مانگانەی خانەنشینی خۆ، بەشی گەڕانی ئەمشار و ئەو شاری نەدەکرد.ژنەوتبووم هەندێ کەسان بەدەم دەسفرۆشییەوە زۆر شار و گوندان گەڕاون. گوتم دەجا بۆ ئەمنیش وا نەکەم! چی لە هەموو شت بۆ ئەو کارە باشترە . بۆ خۆم هەندێک حەزم لە تەسبێحان هەبوو. جار جار تەسبێحم دەکڕین. ڕۆژێک چوومە بازاڕی تەسبێح فرۆشان، سەودای چەن تەسبێحم کرد . هەرزان هەبوو، گرانیش هەبوو. گوتم لە هەرزانەوە دەست پێ بکەم. پرسیم، گوتیان لە تاران تەسبێح دێنن، چوومە تاران بازاڕی مزگەوتی شا. بازاڕێکی زۆر گەورە و قەدیمییە. گەورەترین بازاڕی ئێرانە. هەموو سینفێکی تێدایە . فەرش فرۆش، لیباس فرۆش. خەڕڕازی، پارچە و کووتاڵ، سەعات، تەڵا و جەواهیرات، هەر راستە بازاڕە و هی

سینفێکە. هەواڵی بازاڕی تەسبێح فرۆشانم پرسی، گوتیان بچۆ سەرای تەوەککول، گەورە تەسبێح فرۆشی تاران ئەوێیە. چووم، خۆم پێناساند و گوتم مامۆستای خانەنشینم، پێم خۆشە تەسبێح فرۆشییەک دانێم. گۆتی زۆر باشە. کابرایەکی‌تریش لە وێ تەسبێحی دەکڕی. گوتی منیش چەند ساڵە خانەنشینم ، لێرە تەسبێح دەکڕم و دەیبەم دەیفرۆشم. لە داهاتی تەسبێح فرۆشتنەکەشی رازی بوو. گوتم بەڵام من هیچی لێ نازانم. گوتی هاسانە زوو فێر دەبی. تەسبێح‌فرۆشی زۆر خۆشە، هەر فێری بووی دەسبەرداری نابی. سەدان جوور رەنگ و ئەندازە تەسبێح هەن، ورد و درشت. چەند نموونەی لە هەڵواسراوەکان پیشاندام. ئەوە نمرە شەشە. ئەوە نمرە هەشتە. ئەوە نمرە دەیە. ئەوە تورکییە، ئەوە چینییە،ئەوە دیکۆرییە و ... لە گۆترە بایی چوارسەد هەزار تمەنێکم کڕی. لە بازاڕی تاران دوو تەسبێح فرۆشی عومدەی لێیە، باقیەکەیان وردە فرۆشن. ئەو چوارسەد هەزار تمەنە پڕ تەلیسێک تەسبێحی کرد. دەگەڵ خۆم هێنامەوە. ساک‌ساک دەمبردن دەمفرۆشتن. لە سەرەتاوە پێم خۆش بوو بە لادێیاندا بگەڕێم. چون زۆرم حەز لە گەڕانی گوندەکانی خۆمانە. دیتنی ئەو گوندانە و سروشتی کوردستانی خومانم زۆر پێ‌خۆشە. بە تایبەت ئەو گوندانەی کە نەمدیتبوون، پێم خۆش بوو بیانبینم. بەشی سەر شیو و بەشی تیلەکۆ و لە دڵیشەوە نەختێ حەزم لە ماڵ بە کۆڵییە. دە

دوازدە گوندێک چووم. هـەر رۆژێـک گونـدێک یـان دوو گونـد. رۆژێکیان لە قەراخ جادە دەستم لە ماشێنێک هەڵێنا گـوتم دەچیـە دیواندەرە؟ گوتی ئەمن دەچمە شاقەڵا. گوتم دێم، شوفێرەکە گوتی بۆ دەچیتە شاقەڵا؟ گوتم هەر گوندێک رێ بکەوێ دەچم، فەرقـی نییە بۆم ئەمن تەسبێحان دەفرۆشم، بـا گونـدی شـاقەڵاش ببینـم، دەڵێن سروشتی زۆر خۆشە. شاقەڵا دوورە، پێم وایە دوو کـاتژمێر رۆیشتین جاگەیشتینە شاقەڵا. تا ئێستا بۆ هـەر گونـدێک چووبـام ئێوارە دەهاتمەوە بۆ شار، بەڵام شاقەڵا بۆ گەڕانە وە نەدەبوو. دەبـا، شەو لەوێ مابامەوە. کە گەیشتینە شاقەڵا و گوتم تـەسـبێحم پێیـە خەڵک دەوریان لێدام. تا ئێـوارە زۆر تـەسـبێحم فرۆشـت و زۆرم لەگەڵ خەڵک قسە کرد. خەڵکی ئەو گوندە مەڕ و ماڵات بەخاوەن دەکـەن. ئێـوارە مـەڕێکی زۆر لـە کێـو هاتنـەوە. پرسیم، گوتیـان پێنج‌هەزار سەر مەڕمان هەیە و کاسپی ئێمە هـەر شـەگـەلداریـە. نزیکی بانگی شێوان هـاتم بچمـە مزگـەوت بـۆ نـوێژی شـێوان، چەکدارێکی پایەگا، کە پێم وایە بەر پرسی پایەگا کە بوو، هـات و گوتی: ئە تۆ کێی؟ گوتم : تەسبێح فرۆشم. گوتی: پێناسە. پێناسەم دایە. چاوی لێکرد و گوتی: تۆ مامۆستای قوتابخانە بووی؟ گۆتم : بەڵێ. گوتی: ئەدی بۆ تەسبێحان دەفرۆشی؟ گوتم : بێکـاریم پـێ خۆش نییە و خۆم بەوەوە سەرقاڵ کردوە. کارتەکەی بردە پایـەگـا و هاتەوە گوتی: دەبێ ئەوشۆکە لە پایەگا بخەوی. گوتم : بۆ؟ گوتی :

دەستووره. بردمیه پایەگا. کابرایەکی خەڵکی شاقەڵا، کە پیـاوێکی بەساڵا چوو بوو گوتی کاکە لێی گـەڕێ چ کـارت پێـی داوه هـەر کەس دێتە ئەم گوندە تۆ دەیبەیە پایەگا. ئەم پیاوە بەم عـومرە وە بـۆ جێگەی شکە! چەکدارەکە گوتی: نا، دەبێ لە پایەگا بخەوێ، کابرا بە تووڕەییەوە ڕۆیشت. تاوێک لـە پایـەگـا بـووم. سـەربـازەکـان جغـەرەیـان دەکێشـا. گـوتم مـن نـاتوانم لـەنێـو ئـەم سـەربـاز و جغەرەکێشانەدا هەڵکەم. جغەرە مەکێشن، چەکـدارەکـەی ئێـوارە هات و گوتی: هەستە بچۆ بۆ ماڵی ئەو کابرایەی ئێوارە لـە سـەرت وەجواب هات. بەڵام بەیانی وەرەوە بۆ ئێرە. چوومـە مـاڵی کـابرا. نێوی حاجی حەسەنە. زۆر پیاوی چاکە. گوتی بەخێـر بێـی. زۆر میوانـداری کـردم. بـەیانی تـەسـبێحێکم بـە دیـاری دانـێ و خوداحافیزیم لێ کردن و چوومەوە بۆ پایـەگـا. بـە مینـی بـووس بردمیە گوندی شەریفاوا و تەحویلی پایەگای ئەوێـی دام و خـۆی گەڕاوە. لەوێشەوە بردمیان بۆ پایەگـای دیوانـدەرە، تاوێـک لـەوێ قسە و شتیان لێ پرسـیم. پاشـان کاغـەز و خودکـارێکی دامـێ و گوتی چیت بە سەر هات لـە شـاقەڵا، بینووسـە. دوو لاپـەڕەم بـۆ ڕەش کردەوە. هات و بە نووسینەکە پێکەنی و گوتی: ئەو هەمـوەی نەدەویست. هەندێکی کەش پرس و جۆی لێ کـردم و پاشـان بـە ڕێز و حورمەتەوە بەڕێی کردم و تەسبێحێکیشی لێ کڕیم. گـوتم : پووڵی ناوێ. گوتی : نا بە خوا بە بێپووڵ نامەوێ. پاشان لە پایەگا

هاتمە دەرێ و چوومـە دیوانـدەرە و تـا ئێـوارە لـە وێ تـەسـبێحم فرۆشت. ئێوارەش گەڕامەوە بۆ سەقز. ئەو بەسەر هاتە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئیتر بۆ دێهات نەچم. لەوە دوا ڕۆژی ساکێکم پڕ دەکـرد و دەمبردە بازاڕی شـارەکـان و بـە جـین دەمفرۆشـت. زۆری پـێ نەچوو تەسبێحەکانم خڵاس بوون. بەڵام لە بازاڕەکاندا تەسـبێحی جوانترم دەدیت. پرسیم، گوتیان دەڵێن تەسبێحی باش لە مەشهەد زۆرە. زەنگم لێدا بۆ تەسبێح فرۆشەکەی تـاران و گـوتم دەڵـێن لـە مەشـهەدیـش تـەسـبێحی باشـتر لـەوانـەی تـۆ هەیـە. وایـە؟ بـە دڵفراوانییەوە گوتی: ئەرێ لەوێـش تـەسـبێحی جـوان هەیـە. زۆر جاران ئێمەش لەوان دەکڕین. ئەوانیش لە ئێمە دەکڕن. گوتی بچۆ بازاڕی ڕەزا تـەسـبێحی هـەرزان لـەوێیـە. ئـەم کـابرا تارانیـە زۆر پیاوێکی ئارام و لە سەرە خۆیە. دەیگوت بـاب و باپیرانیشـم هـەر تەسبێح فرۆش بوون. هەمباری تەسبێحەکەی هێندە گەورەیە پیـاو دەچێتە ژوورێ دەڵێی لە زەریای تەسبێحان دایە. ئەو تەسبێحانەی فروشتبوو من قازانجەکەیان بـاش بـوو. ئـەو جـار گـوتم دەچمـە مەشهەد. بە قەتار بچووبام باشتر و هەرزانتر بـوو. لـە تـەورێـزەوە قەتار بۆ مەشهەد هەیە. بەمەراغە دا دەڕوا. چوومە مـەراغـە بلێتـی قەتارم بۆ مەشهەد کـڕی. دەبـا کـات ژمێـر یـەک و نیـوی نیـوەڕۆ لەوێستگەی قەتار بام. چوومە وێستگە. قەتارەکە کـاتژمێر سـێ و نیوهات. سوار بووین و وەڕێکەوت. کووپـەی شـەش نـەفـەری و

چوار نەفـەری هـەبـوو. شـەش نـەفـەریـەکـە نـەفـەری چـوارده هەزارتمەن. چوار نەفەریە کە نەفەری چـل هـەزارە. دیـارە کووپـە چوار نەفەریەکە راحەت تر بوو بەڵام من لـە بـەر هـەرزانیـەکـەی بڵیتی شەش نەفەریەکەم کڕیبو. ناخۆش نەبوو، ئەو کووپەی ئێمـە چوار کەسی تێدا بووین. گوتیان دوونەفەرەکەی تر لە رێگـە سـوار دەبن. لە وێستگەیەک دوونەفەرەکەش سوار بوون. ئـەوان دووبـرا بوون. یەکیان پەنجا ساڵێک تـەمـەنـی دەبـوو. گـوتی مامۆسـتای خانەنشینە. براگەورەکەی حەفتا ساڵ دەبوو. هەر هاتنـە ژوریٔ بـرا گەورەکە دەستی بە بۆڵەبۆڵ کرد. زۆر قسەی وت بە ئیسلام و ئـەو کەسانەی ئیسلامیان هێنـاوەتـە ئێـران. بـرا چکۆڵـەکـەش هیچـی نەدەگوت. گوتم حاجیاغا، بـۆ وا تـووڕەی؟ گـوتی بابـە ئـەوا دوو کاتژمێرە لەم وێستگە ڕاوەستاوین. ئەم قەتارە دوو کاتژمێر درەنـگ هات. دەڵێن لە وڵاتانی دنیا قەتار دوو خولەک ماتڵی نییە، نـازانم ئەم وڵاتەی ئێمە کـەی چـا دەبێـت! گـوتم : ئێمـەش لـە مـەراغـە دووسەعات ماتڵ بووین تا هـات. دەڵـێن لـە تـەورێـز بـە بۆنـەی نوێژکردن و ئەو شتانەوە وەدرەنگ کەوتووە. سـەرێکـی ڕاوەشـاند. قسەمان خۆش کرد. برا چکۆڵەکەی گوتی: کاکم هەندێک ناساغە و زۆر جارانیش کەم تاقەتە. بەڵام پیاوێکی سینەساف و دڵفراوانە، ئەوی لە زاریدایە لە دڵیدا نیە. گوتم باشە بەخێر بۆ کـویٔ دەچـن؟ برا گەورە گوتی: وەڵا دەچینە زیارەتی مـەرقـەدی ئیمـام ڕەزا. وەک

بە نا بەدڵی بچێ، گوتی: من سێ ساڵ لـەوەپـێش چوومـە حـەج. دەڵێن ئەگەر پاش هاتنەوەت لە حەج نەچییـە ئیمـام ڕەزا و بمـری حەجەکەت نیوە و ناتەواوە. دەبا زووتر بچووبام بەڵام پێم نـەکـرا. تا، ئێستا وەختم گیر هێناو ئـەوە دەچـم. گـوتم باشـە خـودا لێتـی قبووڵ کا. گوتی بۆ کەربەلا و نەجەف و سووریەش چـووم. زۆری پێ خۆش بوو ئەوی لە دڵیدایـە بیڵـێ. باسـی خۆشـی سـووریە و کەربەلا و نەجەفیشی کرد. گوتی ئەمن دەوڵـەمـەنـدم لـە شـاری خۆمان باخی هەنگوورم هەیە. زۆر زوو نێوم بۆ حـەج نووسـیبوو. کە نێوم هاتەوە سێ ساڵ خستمە دواوە. پاشان چـووم. ئـاخر مـن تریاکم دەکێشا، خۆ، بێتریاک لە حەج هەڵم نەدەکـرد. ئـەو سـێ ساڵەم بۆیە خستە دواوە تا تریاکەکەم تـەرک کـرد، پاشـان چـووم. ئێستاش شکور بۆ خـودا تریـاک ناکێشـم. بـە بۆنـەی ئـەو حـەج چوونەوە نەجاتم بوو لە تریاک کێشان. دەشی گوت من باشـترین شەڕابـم لـە مـاڵی خۆمـان دروسـت دەکـرد. هەڵبـەت نـەک بـۆ فرۆشتن، هەر بۆ خـۆم و دۆسـت و بـرادەرەکـانم. گـوتی چوومـە سووریەش زۆر خۆشم لێ چوو. لە کەربەلا و نـەجـەفـیش هـەر وەتر. کاتێ لـە قسـەکانمـدا زانـی مـن سـوننیم. کـەوتـە تـاریفی حەزرەتی عومەر. گوتی حـەزرەتـی عومـەر پیـاوێکی زۆر گـەورە بووە. ئەو ئیسلامی هێناوەتـە ئێـران. گـوتی لـە زیـارەتـی قـەبـری پێغەمبەردا، گوتوومە، ئەو عومەرە ئەگەر پیاوێکی چاک نەبایـە لـە

تەنیشت حەزرەتی رەسووڵ نەیاندەناشت. بەڕاستی پیاوێکی عادڵ و لە خودا ترس بووە. هەمیشە لایەنگری فەقیر و هەژاران بووە. زۆری تاریف لە حەزرەتی عومەر کرد. ئەوە پەیتا پەیتاش براکەی حەب و دەوای دەدایە. گوتم کاکت زۆر خۆش دەوێ. گوتی : کاکم هەم بۆ ئێمە برای گەورە بوو، هەم باوک. گوتی ئێمە خوشک و براکان زوو باوکمان مرد. ئەم براگەورەمان ئێمەی بەخاوەن کرد. هەموومانی هەناردە قوتابخانە دەرسی پێ خوێندین. جگە لە خۆی هەموومان دەرسمان خوێند و بووینە مامۆستا و کارمەند. هەموومان زۆرمان خۆش دەوێ. ژنی بۆ هێناین. خۆشکەکانی بە شوو دان. تەنانەت زاواکانیشی بە قەد ئێمە خۆش دەوێ . گوتم خودا پێتانی بێڵێ ئیشەڵڵا. ئەو سێ نەفەرەی‌تریش یەکیان خوێندکاری زانکۆ بوو. کوڕێکی بە ئەدەب، پزیشکی دەخوێند. ئەوی دیکەش دەیکوت کارگەی خاولی‌چنینی هەیە. دەیکوت لە مەشهەد نەخی خاولیەکان دەکڕێ. دەیکوت لەتورکیەش خەرید دەکا. گوتم : دەڵێن لە تورکیە، ئێرانی و عەرەب بگرن تالانی دەکەن. گوتی کابرا بەرەڵڵا بێ ئەرێ وەڵڵا تووشی بەرەڵڵا دەبێ و تالانی دەکەن. بەڵام ئەگەر بۆ بەرەڵڵایی نەچێ تووشی هیچ گیر و گرفتێک نابێ. پیاوی چاك لە هەموو لایەک ڕێز و حورمەتی هەیە. کەسە کەی تر زۆر قسەی نەدەکرد. زۆرتر دەخەوت. جار جار هەڵدەستا دەیگوت سەعات چەندە و دەخەوتەوە.دوای شام

ئێمەش خەوتین، کە وەخەبەر هاتین قەتار نێزیکی شاری نەیشابوور ببۆوە. تابلۆکانی قەراخ ڕێگا فاسیلەی شارەکان پیشان دەدەن. کاتژمێر چوار و پێنجی ئێوارە بوو گەیشتینە مەشهەد. بە تاکسی چووینە بازاڕی ڕەزا. بازاڕی ڕەزا بازاڕێکی سەر داپۆشراوە. دوور و درێژ. چوار داڵانی گەورەی بە پاڵ یەکەوەن. دوو نهۆمە. نهۆمی خوارەوەی هەموو تەسبێح فرۆش و ئەنگوستیلە فرۆش و عەترفرۆشن. نەبات و زەعفەران و ئەوانەشیان هەیە. بازاڕی سەرەوەش چوار داڵانی دوور و درێژە. هەر کاریان تەسبێح فرۆشتن و ئەنگوستیلە سازکردنە. جا چاو بۆچی بگێڕی! هێندە تەسبێح و ئەنگوستیلەی جوانی لێیە پیاو سەری سووڕ دەمێنێ. تەسبێح و ئەنگوستیلەی گران بایی. هەڵبەت ئی هەرزانیش زۆرن. بەڵام نهۆمی سەرەوە هەموو گرانباییین. تەنیشت بازاڕەکەش خەیابانێکە کە ئەوانیش هەر هەموویان تەسبێح و ئەنگوستیلە دەفرۆشن. ئەوان لە هەرزانەکانیان هەیە. هەمووشی ئی چینن. ئەوان بە هەڵڕژاوی لەچینەوە دەیهێنن و دەیگرنەوە. کڕیاری وام دەدیت دەتا تەسبێحی دەکڕی. لە هەموو ئێرانەوە دێن بۆ ئەوێ بۆ ئەو تەسبێح و ئەنگوستیلانە. عەرەب و ئەفغانیش زۆر دێن. هەندێک لەو عومدە فرۆشانە دووکانە کانیان لە ژێر زەمینەکاندایە. کە دەچیتە ژووریٚ تاجوب دەکەی. ئەو هەموو تەسبێحانە! لە هەموو ڕەنگ و هەموو جوور. نرخەکانیشیان لەچاو تاران ئەگەر

دانەی بە چوارسەد تمەن بێ لەوێ بە دووسەد تمەنە. ئـەو ڕۆژە تـا بانگی شێوان بە بازاڕدا گەڕام. بـازاڕی ڕەزا تـا سـەعـات دوازدەی شەو ئاواڵەیە. مەشهەد شارێکی میوان گرە و هەمیشە میوانی لێیـە. زۆرتری سەوداو مامەڵەکان لەشەودایە. پاش گـەڕانی نێـو بـازاڕی ڕەزا. چوومە حەرەم، حەرەمی ئیمام ڕەزا لـە بـازاڕەکـەوە زۆر دوور نیە. هەر بەپێیان چووم. پێشتر چووبـووم. سـاڵی ۱۳۵۵ جارێـک چووبوومە حەرەمی ئیمام ڕەزا. بـەڵام ئێسـتا لـە چـاو ئـەودەم بـە سەدان بەرامبەرخۆشتر کراوە. ئێستا مزگەوتـی زۆرتـری لـێ سـاز کراوە. بە قەولی فارس تەسهیلاتی زۆر بۆ میوانان دانراوە.

شەو لەوێ مامەوە تا بە جوانی بتوانم تەواوی حـەرەم بگـەڕێم. هەر هـەمـووی چراخـان و ڕۆشـنە وەک ڕۆژ. چـەنـد حـەوش و حەساری گەورەی هەن کە هەموویان سەنگ فەڕشن. ئەویـش چ بەردێک، هەمووی بەردی مەڕمـەڕ، وەک ئاوێنـە. نیوەڕۆیـان ئـەو حەوشـانە فەڕشـی لـێ ڕادەخـەن بـۆ نوێژکـەران تـا شـەو، شـەو هەموویان خڕ دەکەنەوە. باری کامیۆنێکی فـەڕش لـێ ڕادەخـەن. شەو کامیۆنە دەتۆنەکەم دیت فەڕشەکانیان تێدەخست. دیسان بـۆ ڕۆژی دوایی پێش نوێژی نیوەڕۆ ڕایان دەخەنەوە. نێو حەرەمـەکـە ئاوێنە بەندە، لووستێڕی گـەورەگـەورە، چراخـانێکی عـەجایـب، فەڕشی قیمەتی ڕاخراون. پێم وایە هەمیشە بیسـت هـەزار میـوانی لێیە. ئەم دەستە دەڕۆن ئی دیکە دێن. شەو و ڕۆژ، جمەی دێ. ئەو

شەوە تا ڕۆژ بۆوە بە مزگەوتەکاندا گەڕام. پیاو لێی ون دەبێ لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەچێ. حەوشەکان هەر یەکەو چەن دەروازەی زەلامیان هەیە. هەمووشی دەروازەی بەنەخش و نگاری بەرجەستە. خودی بیناکانیش هەمووی مێعماری قەدیمی. کاشیکاریەکانی پیاو مەدحی دەبێ. منارە و گومبەزەکەی لە ئاڵتوونە. بەڕاستی کاری هونەرمەندانی مێعمار جێگەی تاریفە. لە نێوەوەش هەروا. مووزەی ئیمام ڕەزا زۆر شیاوي دیتنە. ئەویش پێم وایە یەکەم مووزەی ئێرانە. هەمووشتێکی کۆن و لە مێژینەی تێدایە. پووڵی کۆن، ئەسکەناس و قەرە پووڵ. لە قەدیمیەوە هەتا ئێستا. کارگەلی دەستی زۆر جوان. مووزەی میداڵەکانی قارەمانی، پاڵەوان تەختی و وەرزشوانانی تر. مەرقەدی ئیمام ڕەزا، کە زەریحێکی زۆر ڕازاوەی لە سەرە، دایم دەوری پڕە لە خەڵک بۆ زیارەت. چوار پاڵووە. دوولای بۆ ژنان و دوولای بۆ پیاوان. زۆرکەسان ناتوانن بچنە پێشێ. لە بەر زۆری خەڵك، هەر لەدوورەوە بە ئیشارەی دەست زیارەتی دەکەن. نێو زەریحەکە پڕپڕە لە پووڵ و تەڵا و ئەو جۆرە شتانە کە زیارەتکەران تێی داوێن، ئەسکەناس دەڵێی خەرمانە هەڵدراوەتەوە. شتێ کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە هەر چەند ساڵ زەریحی تازە بۆ مەرقەدەکە ساز دەکەن و زەریحە کۆنەکەش لە لایەکی دیکەی حەرەم دادەنێن. ئەو زەریحە کۆنانەش پڕپڕ بوون لە پووڵ. هەڵبەت

دیوێکیش بۆ وەرگرتنی نەزر داندراوەکە ئەو کەسانەی نەزریان کردۆ پارەیەك یا شتێکی قیمەتی بدەن بە حەرەم لەوێ لێیان وەر دەگرن. ئەو پوولانە دەکەنە خەرجی میوان و خەرجی تر. بۆ نموونە مانگی رەمەزانان بۆ بەر بانگ هەموو میوانەکان سەرو ئاو میوەیەک و کەیکێکیان دەدەنێ. جا بزانە سی شەو هەر شەوێ لانی کەم بیست هەزار میوان. دەیانکوت لە ڕەمەزاندا بەربانگ بە خەڵک دەدەن. ئەوانە هەموو خەرجن کە لەو پارەیە دەدرێن. پرسیم ئەو پێش خزمەتانە مووچە خۆری حەرەمن؟ گوتیان : نا، ئەوانە خەڵکی خۆبەخشن، دێن بۆ ماوەیەک لێرە کار دەکەن. هێندە خەڵکی خۆبەخش زۆرن کە، نێونووس دەکرێن. جاری وایە پاش سێمانگ نۆبەیان دێ، بێن لە حەرەم کار بکەن. جا نزافەتچی بێ یان کاری دیکە. ئەوان ئەو کارە بۆ خزمەت بە ئیمام ڕەزا و ڕەزای خودا دەکەن. زۆر جاران دەچم بۆ مەشهەد تەسبێح بکڕم دەچمە حەرەمی ئیمام رەزا شتی تازە تر دەبینم. جارێکیان دیتم ژنێک کە بۆ زیارەت هاتبوو هەر لە بەر دەرکەوە بە گاگۆڵکێ هاتە ژووریێ. سینگی لە عەرز دەخشاند و بە قوربان و سەدەقەی ئیمام ڕەزا دەبوو. هێند بە دڵ دەلالاوە، پیاو دڵی بۆی دەهاتە ژان. زیارەتچی کاریان پێی نەبوو. لەوێ کەس کاری بە کەس نیە. ئەویش کاری بە خەڵکەکە نەبوو. وا غەرقی ئەو پاڕانەوە بوو، کە دەتکوت بە تەنیا خۆیەتی و کەسی لێ نیە. دیار بوو ژنە فەقیر بوو.

جل و بەرگ و چارشێوی، زۆر کۆن و فەقیرانە بوو. کە گەیشتە بەر دەرکەی چوونە ژووری حەرەم، لە نێو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا ون بوو. تـا ئـەوێ لـە دوورەوە چـاوم لـێ دەکـرد و زگـم پێـی دەسـووتا. کتێب‌خانەی گشتی حەرەمیش گەورەترین کتێبخانەی ئێرانە. هـەر کتێبێک چاپ کراوە لە کۆنەوە تا ئێستا لێیەتـی. هـۆڵی موتـاڵاش شەو و ڕۆژ ئاوەڵەیە. کێ پێی خۆشە دەچێ لەوێ موتاڵا دەکـا. لـە هەموو مزگەوتەکانی حەرەمدا تەسبێح و بەردە مۆرەی زۆر دانراون کە خەڵک بە ئەمانەت کەڵکیان لێ وەردەگرن و پاشـان دەینێنـەوە شوێنەکانی خۆیان. شـوێنی ئـەمانـەتـداریش شـتی خـەڵک بـە ئەمانەت وەردەگرێ و پاشان دەیانداتەوە. بۆ وێنە کەسێك سـاک و شتی پێیە لەوێ دایدەنـێ، پـاش زیـارەت دێ وەری دەگرێتـەوە و پارەش ناسێنن. جارێکیان پاش ئەوەی نوێژم کرد و هاتمـە دەرێ، کابرایەك لە دواوە دەستی لـە شـانم دا و سـڵاوی کـرد. ئـەمنـیش وڵامم داوە. گوتی تۆ سـوننیت؟ گـوتم بـەڵێ. گـوتی لـە دەزنـوێژ گرتنەکەتەوە تا نوێژ کردنەکەت چاوم لێت بوو، ئی ئێـوە دروسـتە. گوتم : ئی ئێوەش دروستە، ئەگەر بە دڵ بۆ خودا و بـۆ پارێزگـاری بێ فەرقی نیە. گوتی وایە، بەڵام ئی ئێوە پـاک و خـاوێنترە. پاشـان ئەملاولامی ماچ کرد و ڕۆیشت. ڕۆژی دوایە چوومە بازاڕی ڕەزا. چوومە یەکێک لە تـەسـبێحفرۆشـیەکـان و گـوتم تـەسـبێحم بـۆ فرۆشتن دەوێ. گوتم مامۆستای خانـەنشـینم، بەینێکـە خـۆم بـە

تەسبێح فرۆشیەوە سەرقاڵ کردووە. لەتاران دەمکڕی. بەڵام گوتیان لێرە هەرزانترە. گوتی بەخێر بێی، ئەرێ وایە تارانیش لێرە دەکڕن. ئەوە نموونەی تەسبێحەکان هەڵواسراوە. چت دەوێ بڵێ تا بۆت بێنین. خۆ هێندە زۆرن پیاو نازانێ چی بکڕێ. لە هەر کام لەوانەی پێم جوان و بابەتی لای خۆمان بوون هەڵم بژاردن، بۆی هێنام. لە چەند دووکانی تریش خەریدم کرد. دوو تەلیسی گەورە. بایی هەشتسەد هەزارتمەن. تەلیسەکانیان بۆ سەر درووو کردم. گوتم جارێ با لێرە بن. چووم دیسان بە بازاڕدا گەڕام. هەندێک زەعفەران و نەباتیشم بۆ ماڵی خۆمان کڕی. لەو بازاڕە خێراوی زۆر داندراون. لە خێراوێک ئاوم خواردەوە. پاش ئاو خواردنەوە کە گوتم ئەلحەمدوولیللا. کابرایەک لە لامەوە وەستابوو کە نۆرەی بێ و ئاو بخواتەوە. بە لەفزێکی ئامۆژگاری شیرین پێی گوتم: مەڵێ ئەلحەمدولیللا. بڵێ سڵاو بۆ حوسەین، لە بەر دڵی ئەو گوتم سڵاو بۆ حوسەین، خۆ نەدەکرا لەو کاتەدا بێژم کاکە ئەمە ئاوە و فورموولەکەی هاش دوو ئۆیە و هەڵم و بۆقی زەریا و ئۆقیانووسەکان دەچنە عاسمان و دەبنە هەور و پاشان دەبنە باران و دێنەوە خوارەوە و سازندە شیرینکارەکەی خودایە و هیچ فڕێکی بەسەر حەسەن و حوسەین و عومەر و ئەبووبەکر و ئەوشتانەوە نیە، وا باش بوو بێژم سڵاو بۆ حوسەین و خاتیمەی پێ بێنم. جا زۆر کەسان لە سەر شتێکی وا درێژدادڕی دەکەن و ئاخرەکەشی هیچ.

کاکە ئەوان لە منداڵیەوە وایان تێگەیاندوون. من چ کارم بە سەر ئەو کێشمەکێشمەوە داوە. کە زۆر شتی تریش لە ئایین هەروایە. کابرا چ جۆر خودا پەرستی دەکا بە خۆیەتی. من بۆ، خۆمی دەگەڵ ماندوو بکەم. زۆر کەسان خۆیان پێوە ماندوو کرد و هیچیان بە هیچ نەکرد.

چوومە نهۆمی سەرەوەی بازاڕەکە لەوێ ئەنگوستیلە ساز دەکەن. ئەو ئەنگوستیلە بە دەست ساز کراوانە گرانبایین. دانەی سەدو پەنجا تا پێنسەد هەزار و بگرە زیاتریش. هێندە بە نێو ئەو بازاڕە دا گەڕام هیلاک بووم. چووم نەهارم خوارد. پاش نەهار دیسان بە بازاڕدا گەڕام. دەمەو ئێوارە تەسبێحەکانم بە باری گاریەیەک بردە لای وێستگەی تاکسیەکان. لە وێشەوە بۆ تێرمیناڵ. لەمسەرەوە بە ئوتووبووس هاتمەوە تاران و لە تارانیشەوە بۆ سەقز.

دوو برا لە مەشهەدن جار و بار لە وانیش تەسبێح دەکرم. هەرکیان جەوانن. سی تا سی و سێ ساڵ. یەکیان دەچێتە چین تەسبێح دێنێ و ئەوی‌کەشیان لە دووکان تەسبێحەکان دەفرۆشێ. جارێکیان ئەو برایەی وا دەچێتە چین لێی پرسیم تۆ سوننیت یا شیعەی؟ گوتم هیچیان. گوتی: ئەدی چۆن؟ گوتم موسوڵمانم و تەواو. گوتی ئاخر موسوڵمان یان شیعەن یان سوننین. گوتم ئیسلام شیعە و سوننی تێدا نیە. ئەوە خەڵکن ئەو شتانەیان ساز

کردووە. گوتی نا، ئەگەر پێت خۆشە دەتبەمەکن ئاخوندێکی خۆمان قسەی دەگەڵ بکە جا ئەو دەم باش لە دین تێدەگەی. گوتم: من هاتووم تەسبێح بکڕم. تاقەتی قسەی شیعە و سوننیم نیە. گوتی باشە، بەڵام پێم خۆشە ئەو ئاخوندە ببینی. زۆر سەوادی زۆرە. گوتم گوێ شل کە با بۆت بڵێم. تۆ چەندت سەواد هەیە؟ گوتی دیپلۆمم گرتووە. گوتم تۆ قورئانت خوێندووە؟ گوتی کەم تاکورتێ. گوتم مێژووی ئیسلامت خوێندۆتەوە؟ گوتی نا. گوتم مێژووی دینەکان چی؟ گوتی نا، گوتم دەجا دەبێ ئەوانە وەخوێنی جا ئەودەم تێدەگەی کە دنیا چ باسە. گوتی خۆت خوێندوتنەوە؟ گوتم ئەدی چۆن.گوتی دەتوانی لەوبارانەوە بۆم بدوێی؟ گوتم ئەوە زۆر دەبا، بەو پەلە پەلە ئەو هەمووەم بۆ باس ناکرێ. تۆ بچۆ وەیان خۆێنە جارێکی تر هاتمەوە لە سەری قسە دەکەین. گوتی خۆ منیش دایم سەرم بە کار و پیشەکەمەوە قاڵە، کوا دەتوانم موتاڵای ئەو هەموو کتێبە بکەم کە تۆ دەیڵێی. گوتم براله ڕێگەی چاکە بگرە و بەری مەدە. ئەوە دینی راستیە و خۆشتی پێوە عەزیەت مەکە. کێ یەکەم خەلیفە بووە و کێ ئاخر بووە و کێ کێی کوشتووە و کێ کێی لە زیندان هاویشتوە. ئەوانە لەتە نانێک ناکەن. کار و کاسپیەکەت بە پاکی بەڕێوە بەرە ئیتر تەواوە. پێشم گوت لەوەتی هەم لەم ئێرانەی ئێمەدا باس هەر باسی شیعە و سوننی و عومەر و عەلیە. خۆتۆ خۆت چویتە چین، چاوت ورد کردۆتەوە لەو هەموو

پێشکەوتنەی ئەوان!ئەوان خەریکی پێشکەوتنن، ئێمەش خەریکی عومەر و عەلی و ئەو شتانەین. باش وایە تۆ کە جەوانی لەوباسانە نەدوێی. ئەو باسانە ئیتر کۆنن. بە هیچ کەس چار ناکرێن. سەرمان بەکاری خۆمانەوە قاڵ کەین لە هەموو ئەوشتانە باشترە. لە پەناشیا مرۆڤێکی باش بین. خەڵک و خودامان لێ ڕازی بێ تەواوە. براکەی تریان گوتی. حاجی ئاغا راس ئەکا. چ کارمان بەوکارانەیە. تەسبێحەکانم هەڵگرت و لە دووکانە کە هاتمە دەرێ. جاری دوایی چوومەوە بۆ ئەو دووکانە. کوڕەکە گوتی: قسەکانی تۆم لای ئاخوندەکە باس کرد. گوتی ئەو پیاوە ئەهلی حەق بووە. راست دەکا؟ تۆ ئەهلی حەقی؟ گوتم چیرۆکی رۆستەم و زۆراب گێڕدراوە و تەواو بوو کابرایەک گوتی : ئەرێ رۆستەم پیاو بوو یا ژن؟!

ئەمبارە و بار کردنی ئەو تەلیسە تەسبێحانەش نەختێ گرانە. بەڵام ئێستا کە فێر بووم دەیاندەم بە بار بەری و بۆم دێننەوە. لە یادم نەبوو بێژم. لە مەشهەد یەکێ لەو تەسبێح فرۆشانە پێی گوتم لە قوم شۆعبەیەکی تەسبێح فرۆشیم هەیە. ئەگەر بچیە ئەوێش بۆ تۆ نێزیک ترە و چی لێرە هەمانە لەوێش هەیە. جا ئەگەر پێت خۆش بوو لە قوم خەرید بکە. ناونیشانیشی دامێ. ئێستا جارجار دەچمە قوم لەوێش تەسبێح دەکڕم. سەفەرەکانی قومیش زۆر خۆشن، گێڕانەوەی ئەو بەسەر هاتانەش بە قەولی فارسی خاڵی لە لوتف

نین. جارێکیـان بـۆ تەسـبێح کـڕین چوومـە قـوم. کـە گەیشـتمە تێرمینالێی قوم و لە ئوتووبووسەکە دابەزیم، سەعات حەوتی سـبح بوو. لە کەسێکم پرسی دەمەوێ بچمە بازاڕی تـەسـبێح فرۆشـان. گوتی دەبێ بچیە حـەرەم. دەوری حـەرەم هـەمـووی پاسـاژن کـە تەسبێح فرۆشیان زۆر تێدایە. تاکسیەکان بانگیـان دەکـرد حـەرەم. سوار تاکسیەک بووم. لە بەر دەرکەی حـەرم دابـەزیـم. حـەرەمـی حەزرەتی مەعسوومە. دەڵێن خۆشکی ئیمام ڕەزایە. ئـەویـش زۆر شوێنێکی شایانی دیتنـە. وەک حـەرەمـی ئیمـام رەزا نـابێ بـەڵام ئەویش زیارەتچی زۆرن و هەر وەک حەرەمی ئیمام ڕەزا مێعماری قـەدیـم، دەرک و دەروازەی زەلام. حـەوشـی گـەورەگـەوره و زۆر خۆشن. گوتیان بازاڕ سەعات نۆبەولا وه دەکرێتەوە.

تا ئەو دەم چوومـە نێـو حـەرەم. پێیـدا گـەڕام. لـە سـووچێکی حەوشەکـە دیـوێکی گچکەڵـەی سـێ لـە پێنجـی لێیـە لـە سـەر دەرکەکەی نووسـراوه ئارامگـەی پـەروینـی ئیعتیسـامی. چوومـە ژووری. کەسی لێ نەبوو. سڵاوم کرد و فاتێحام خوێند. وەسیەتی خۆیەتی، هەر کەس هاتە سەر گڵکۆکەم فاتێحام بۆ بخـوێنێ. بـە شێعر نووسیویەتی و لە دیوانە پیرۆزەکەشی دا هەیە. ئەو شیعره لـە سەر گڵکۆکەشی لە سەر بەرد نووسراوه. گڵکۆی بابیشی هەر لـەو دیوە دایە. یووسف ئیعتسامی. ئەویش بیرمەندێکی گەورەیـە. زۆر لەخزمەت ئەو گەورە شاعیرەدا، دانیشتم و یادی شێعرە جوانەکـان

و دیوانە پیرۆزەکەیم کردەوە. دوای ماڵاویی لە خاتوو پەروین چوومە مەرقەدی حەزرەتی مەعسوومە. ئەوێ جمەی دەهات. زیارەتچی زۆر. پاشان چوومە قاوەخانەیەک و نانی بەیانیم خوارد. تا ئەو کارانەم کرد بازاڕیش کراوە. بەو ناونیشانەی لە مەشهەد وەرمگرتبوو دووکانەکەم پەیدا کرد. وابوو، چی لە مەشهەد هەیان بوو لەوێش بوویان. خۆم پێناساندن. گوتیان ناوت لە ڕیزی مشتەریەکانماندایە. بە خێر هاتنی کردم و تەسبێحم کڕی. لە چەند دووکانی تریش تەسبێحم سەند. پاش نەهار بە تەسبێحەکانەوە هاتمە تێرمیناڵ. تەسبێحەکانم لە سووچێک دانا و بلیتم کڕی بۆ تەورێز. چونکم بۆ کوردستان لەوێ ماشێن نیە. دانیشتبوم، کات تێپەڕێ و ڕێکەوین. کابرایەک کە هەر سی و پێنج ساڵێک تەمەنی دەبوو لە لامەوە دانیشتبوو، گوتی چویتە زیارەت؟ گوتم بەلێ. گوتی زۆر خۆشە. گوتم وایە. گوتی چویتە زیارەتی مزگەوتی جەمکەران؟ گوتم نەوەڵڵا فریا نەکەوتم، گوتی حەیف، دەبا چووبای. گوتم ئیشەڵڵا جارێکی کە دەچم. گوتی نا، جارێکی کە زۆری پێدەچێ، هەر ئێستە بچۆ. گوتم ئاخر بلیتم کڕیوە. گوتی پارەکەت وەر گرەوە، بچۆ حەیفە نەچی. گوتم ئاخر ئەو تەلیسە تەسبێحانەم پێیە. گوتی: بیدە بە ئەمبار. هێندە خۆی پێی خۆش بوو. حەزی دەکرد هەموو کەس بچێ. گوتی لە جەمکەران هەر دۆعایەک بکەی گیرا دەبێ. گوتی من

هەمووساڵێک دێمە ئێرە و لێرەشەوە دەچمە مەشـهەد. پـارەکـە لـە مزگەوتی جەمکەران لە ئیمامی زەمانم داوا کرد بە نسیبم بیَ بچمە کەربەلا. بە خودا ساڵی تیَ وەر نەسوورِا دۆعاکەم گیرا بوو چوومە کەربەلا. گوتم خودا لێتی قەبووڵ کا.

ئەوجار گەڕامەوە بۆ سەقز. بە نێزیکەی مانگیَ تـەسـبێحەکـانم فرۆشتن و دیسان چوومەوە بۆ قوم، تەسبێح بکـڕم. قسـەی کـابرام وەبیر هاتەوە. چوومە مزگەوتی جەمکەران. مزگەوتی جـەمکـەران زۆر لە نێو شار دوور نیە. تاکسی بە پێنسەدتمەن دەتبا. کـە چـووم دیتم بیابانێکی پان و بەرینە. مزگەوتی لیَ ساز کراوە، چ مزگەوت! دوو مزگەوتی زۆر گەورە و خۆش. تا بێژی بەرز و بە منارەی جوان ڕازاوەتەوە. هەمووی کاشی و نەخش و نیگار. یـەکیـان مزگـەوتـی ژنان، یەکیان مزگەوتی پیاوان. حەوشەکەشی بەقەد حەوت زەمینی فووتباڵ. سەنگ فەڕش کـراوە، بـە بـەردی مەڕمـەڕ وەک ئاوێنـە. دەوراندەوری حەوشەکە دووکان. لەوانەیە سەد دووکان پتر بن. نێو مزگەوتەکەش پڕە لە فەڕشی جوانجوان. خەڵکی لیَ بـوو. بـەڵام نەوەک حەرەم. ئەم مزگەوتە هەزار ساڵ تەمـەنـی هەیـە. هەڵبـەت پێشتر مزگەوتێکی گچکە بووە و نۆژەن کراوەتەوە. لەویَ نووسراوە: ئیمامی زەمان شەوێک چووە پیاو چاکێکی لە خەو هەستاندووە و هێناویەتە ئەم شوێنە و پێی گوتووە ئێرە بکە بـە مزگـەوت بـۆ مـن. ئەویش ئەوکارەی جیَبەجیَ کـردووە. لـەو دەمـەوە تـا ئێسـتا ئـەم

شوێنە بۆتە شوێنێکی پیرۆز و خەڵک دەچنە زیارەتی. ژنـەوتبـووم لە مزگەوتی جەمکەران چاڵاوێکی لێیە خەڵک نامەی تێداوێن بـۆ ئیمامی زەمان. تا ئەو دەم پێم وا بوو ئەو شتە ڕاست نیە، بـەڵام کـە پرسیم پیشانیان دام. کە چوومە سەر چاڵاوەکە دیـتم بـەڵێ وایـە. دەوری چاڵاوەکە بە دیوارێ لە بەرد، چنراوە. سەر دیوارەکـەش بـە مەحجەری ئاسن داخراوە. بەڵام لە بەینی مەحجەریـەکانـەوە نێـو چاڵاوە کە دیارە. چاوم لێ‌کرد تاریک بوو. چراقەوەی مۆبایلەکـەم تێگرت تینی چراقەوەکە ڕۆشنی نەکردەوە. کابرایەک لەولاترەوە لـە دەکەیەکدا کاغەزی دەفرۆشت. گـەڵای ٥٠تمـەن. پـەنجـا تـەک تمەنی.خەڵک دەیانکڕی و نیازی دڵـی خۆیـان تێـدا دەنووسـی و دەچاڵاوەکەیان داویشت. منیش کاغەزێکم کڕی و دەچاڵاوەکـەم هاویشت. لە ژێر چاڵاوەکەوە دەتکوت بای دێ. کاغـەزەکـەم دوو سێ جاران خولی خوارد و هاتە سەرێ و چـۆوە خـوارێ و ئـاخر جار چۆوە خوارێ و ون بوو.

شاری قوم جێگەی دیتنی دیکەشـی هەیـە.جارێکیـان چوومـە میراسی فەرهەنگی قوم. نـەخشـە و برووشـوورو کتێبـی ڕێنـوێنی شوێنە لەمێژینەکانی شاری قوم و ئـەو پارێزگایـان دامـێ، شـوێنە دیتنیەکانی دیکەش زۆرن. بەڵام خـۆ مـن خـەرجـی گـەڕان بـەو هەموو شوێنانەمـدا نـەبـوو. دەنـا وەک لـە کتێبـی فـەرهـەنـگ و سروشتی قومدا خوێندمەوە، قوم ئاسەواری مێژوویی زۆری هەن.

شتێکی کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، هەم لە قوم، هەم لە مـەشـهەد، هەموو خەڵکی ئەو دوو شارە بە گەورە و بچووکەوە، بەیانان یا هەر کاتێکی تر کە لە ماڵ دێنە دەرێ لە دوور و نێزیک هەر چاویان بـە منارە و گومبەزی حەرەمەکانی حەزرەتی مەعسـوومە و ئیمـام ڕەزا دەکەوێ، ڕووبەڕووی دەوەستن، دەستیان لەسەر سـینە سـڵاویان لێ دەکـەن، جـا دەچنـە سـەر کـارەکانیـان. تـەنانـەت منـداڵانی مەدرەسەش. لە هەردووک حەرەمەکان کۆتری زۆری لێن، کە بـێ ترس و خۆف لەو هەموو حـەشـیمەتـە، لـە حـەوشـی حـەرەمـدا دەگەڕێن و دان دەخۆن. خـەڵکیش کاریـان بـەسـەریانـەوە نیـە و تەنانەت کشەیەکیشیان لێ ناکەن. خەڵکی زیارەتچـی دانیـان بـۆ دەکرن و بۆیان ڕۆدەکـەن. دۆسـتێکم لـە ئورووپـا فیلمێکـی نێـو شـاری ئۆسـلۆی بـۆ نـاردبووم کـە لـەوێ کـۆتر و زۆرێـک لـە باڵندەکـانی تـر لـە خـەیابان و شـەقامـەکـان بـە ئـازادی بـە نێـو خەڵکەکەدا دێن و دەچن. خەڵک دانیان دەدەنێ و هـیچ ئازاریـان نادن. بەڵام لە زۆربەی شارەکانی خۆمانـدا لـە ئێـران، جگـەلـە و حەرەمانە، دیتوومە هەر باڵندەیەک ببینن، دەیانترسێنن. نەک هـەر باڵندە، سەگ و پشـیلەش لـە ترسـی خـەڵک کـۆڵان بـە کـۆڵان ڕادەکەن. خەڵک عادەتیانە هەر سەگێک ببینن بەردی بـۆ داوێـن، ئەویش لە حەیبەتان ئەم کۆڵان بۆ ئەو کـۆڵان هەڵـدێ. هەڵبـەت ئێستا ئەو عادەتە کەمتر بۆتەوە. بە شکوو لەمە بەولاوە بنە بـڕ بـێ.

ڕۆژێک  لە قوم لە بەر دەرکـەی دووکـانێکی دوو نهـۆمی ڕاوەسـتا بووم چاوم لە تەسبێحەکان دەکرد. جل و بەرگی کـوردیم دەبـەردا بوو. کابرایەک هات و سڵاوی کرد. بە فارسی گوتی ئەتۆ کوردی؟ گوتم: بەڵێ، گوتی ئەمنیش کوردم. کوردی فەیلی، بـاب و بـاپیرم خەڵکی خانەقین بوون. بەدووی کـاردا هـاتوون بـۆ ئێـران و لێـرە نیشتەجێ بوون. من خۆم کوردی نازانم بەڵام بابم کـوردە. گـوتم باشە زۆر خۆشحاڵم لە ئاشناییت. گوتی نیـوەڕۆ دەچینـەوە مـاڵێ خۆمان. سپاسم کرد و گوتم ئەمن تەسبێح فرۆشم، لێرە تـەسـبێح دەکڕم. دەبێ کارەکانم خڵاس بوو بگەڕێمەوە بۆ شـاری خۆمـان. زۆر ئیسراری کرد. گوتم بە خودا ناتوانم لە خزمەتوودا بم. گـوتی باشە ژمارەی موبایلەکەتم بدەیە با بمبێ. ژمـارەکـەم پێ‌گـوت و خوداحافیزیم لێ کرد و چوومـە نهـۆمی دووی دووکانـەکـە. ئـەو دووکانە زۆر جاران تەسبێحم لـێ کڕیـوە. نزیکـەی دوو کـاتژمێر بگرە زیاتریش  تەسبێحم جیـا کردنـەوە، دەتـەلیسـمان خسـتن و حسێب و کتێبمان کرد. لەو دەمەدا بوو موبایلەکـەم زەنگـی لێـدا، ژمارەکەم نەناسی. گوتی من نوورەددینم، کارەکانـت تـەواو بـوو؟ من هەر لـە بـەردەرکـەی دووکانـە کـە ڕاوەسـتاوم بچینـەوە مـاڵی خۆمـان. هاتمـە خـوارێ دیسـان سپاسـم کـرد و گـوتم: تـۆ بـۆ نەڕۆشتووی؟ گوتی ماتڵی تۆم بچینەوە ماڵێ. ئـەمجـار کـەوتمـە شکەوە، ئەم کابرایە بۆوا لە من ئاڵاوە! بڵێـی چـی بـێ؟ نـە دیـو و

نەناسراو دەمباتەوە بۆ ماڵی خۆیان! گوتم سپاس، بە خـودا نایـەم، من دەبێ بگەڕێمەوە بۆ شاری خۆمان. ئیزنم بدە دەچـم بـارەکـەم هەڵـدەگـرم و دەڕۆم. هاتـە سـەرێ تـەلیسـە تـەسـبێحەکـەی بـۆ هەڵگرتم، تا لای تاکسیەکان. گوتی باشە ئەمجـارە قـەیناکا بـەڵام جارێکی تر هاتیەوە حەتمەن دەبێ بێی بۆ ماڵمان. گـوتم تـا چـی بەقسمەت بێ. هاتمـەوە بـۆ سـەقـز، چـەنـد رۆژ دواتـر مژووڵـی تەسبێح فرۆشتن بووم. موبایلەکەم زەنگی لێدا. نوورەددیـن بـوو. گوتی کەنگێ دێیەوە بۆ قوم؟ پێکەنینم هـاتێ. گـوتم کـوێڕا؟ خـۆ ئەوندە نیە لە قوم هاتوومەوە. دەبێ ئەم تەسـبێحانە بفرۆشـم جـا، ئەویش لەوانەیە مانگێک بخایێنێ. گـوتی باشـە هـاتی حـەتمـەن زەنگم بۆ لێدەی. گوتم باشە. پاش مانگێک چوومەوە بۆ قـوم. دوو کیلۆ توو، کە سەوقاتی سەقزە، بۆم برد. زەنگم بۆ لێـدا و گـوتم لـە قومم. نزیکی حەرەم خەریکی کڕینی تەسبێحم. گـوتی ئـەلحـان دێم، هەڵبەت کابرا تەسبێح فرۆشەکەی ئەوجار دەیناسـی، گـوتی نوورەددین پیاوێکی چاکە. هێندەی نەخایاند هات. خەریدەکـانم کردبوو. بۆ نیوەڕۆ چوومەوە ماڵی ئەوان. خێزانی وەهـا چارشـێوی لە خۆی ئاڵاند بوو هەر کونی چاوی بەدەرەوە بوو. سـێ منـداڵیان هەیە. هەرسێکیان کچـن. گـەورەکـەیان نۆسـاڵان و ئـەو دوانـەی کەش پێنج ساڵان و سێ ساڵان. ماڵەکەیان فەقیرانەیە، دوو دیـو و داڵانێکی باریک. کرێ چیشن. تووەکەم دابە کچە چکۆڵەکە بردی

بـۆ دایکـی و گـوتی: عـەمـوو ئـاوەردێ. سپاسـیان کـرد. مـن و نوورەددین لە دیوێک نانمان خوارد. منداڵەکانی لەدیـوەکـەی تـر. پاش نان خواردن هاتینە دەرێ. نوورەددین گوتی ئیشەڵڵا ئێمـەش دێین بۆ سەقز. گوتم بەخێر بێن. لە کار و شـوغڵیم پرسـی، گـوتی کارمەندی بونیادی فەرهەنگی حەزرەتی مـەهـدیم. ئیـدارە کـەی نێزیک ماڵەکەیان بوو. چووینە ئیدارەکە. دیتم ئەمە کێشک چی و پێشخزمەتی ئەو ئیدارەیە. دەیگوت مووچەکـەم کـەمـە بـەڵام لـە خودا بەزیاد بێ ژیانمان بەڕێوە دەچێ. دوای هاتنەوەم بۆ سـەقـز، حەوتوویەکی نەخایەند نوورەددین زەنگی لێدا. گـوتی بـە خـاو و خێزانەوە دێین بۆ سەقز. گوتم بەخێر بێن. هاتن شەوێـک مانـەوە، ڕۆژی دوایی چوون بۆ بانـە. گـوتم لـە گەڕانـەوەدا وەرنـەوە مـاڵی خۆمان. گوتیان نەوەڵڵا هەر لەوێوە دەچینـەوە بـۆ قـوم. ماوەیـەک دواتر چوومەوە بۆ قوم هەمیسان تووم بۆ بردن. کە تـووەکـەم دانـێ وەریان نەدەگرت. نوورەددین گوتی: ئەم مانگە محەڕڕەمە ئێمە لەم مانگەدا توو ناخۆین. توو خواردن بۆ شـادی و خۆشـیە، ئێمـە لـە محەڕڕەم و سەفەردا، توو خواردنمـان پـێ گوناحـە. گـوتم دەجـا هەڵیگرن بۆ دوای ئەو دوومانگە. گوتیان باشـە. لـەبـەر دڵـی مـن گلیان داوە. نوورەددین گـوتی ئـەگـەر بتـوانی لـە شـاری خۆتـان پڕوپاگەندە بکەی بۆ مەهدەوییەت، ناوەندەکەمـان کتێبـی زۆرت دەداتێ. گوتم خەڵکی لای ئێمە سوننین باوەڕیان بە مەهدەوییەت

نیە. زۆر بە سەر سوورڕمانەوە گوتی: چۆن شتی وا دەبێ! گوتم وایە. پێی گوناهێکی گەورە بوو، کەسێک بڕوای بە مەهدی و مەهدەوییەت نەبێ. لای خۆی خۆێندەواریش بوو. جارجار قسەی بۆ دەکردم بەڵکوو حاڵیم کا و بڕوای پێبێنم. دەمگوت بیر و باوەڕی خۆت بۆ خۆت ئی خۆم بۆ خۆم. دەیگوت باشە، کەوا بوو لەو باسە نادوێین.

لە ناوەندی فەرهەنگی حەزرەتی مەهدی زۆر کتێب بۆ منداڵان دەربارەی ئیمامی مەهدی نووسراوە. هەرهەمووشی بە خۆڕایی دەدەن بەخەڵک و بۆ شارانی بەڕێ دەکەن. کتێبی‌تریش بۆ گەورەساڵان لەو بارەوە زۆرن. لەگەڵ نوورەددین شوێنی ئایینی دەگەڕاین. حەوزەی عیلمییە و مەدرەسەی فەیزییە و ئەو شوێنانە. هەمووشی ئازادن هەر کەس بچێ و پێیدا بگەڕێ. جارێکیان نوورەددین گوتی دەچمە لای ئاخوندێک ئیستخارە دەگرمەوە. گوتی رەفیقێکم لە تارانەوە داوای لێکردووم بچمە لای ئەو ئاخووندە و ئیستیخارەی بۆ بگرمەوە. گوتم نیازی ئەو رەفیقەت چیە؟ گوتی: نیازەکەی پێ نەگوتووم. من دەچم بەو ئاخووندە دەڵێم ئیستخارەی بۆ بگرێتەوە. ئەویش وڵامەکەم دەداتەوە و پێی ڕادەگەیێنم. پێم خۆش بوو لەو شتە تێبگەم بزانم چۆنە. دەگەڵی چووم. مزگەوتێکی چکۆڵە بوو. نوێژکەران ماتڵی ئاخوندە کە بوون کە بێت و نوێژ بە جەماعەت بکەن. دوای تاوێ ئاخووندەکە

هات. ئاخوندەکە پیاوێکی زۆر قەڵەو و باڵا بەرز بوو. فەوری قامەت بێژ قامەتی وت و نوێژ دابەسرا. دوای نوێژە کە ئەوانەی ئیستخارەیان دەویست بە ڕیز راوەستان. دیار بوو ئەمە کاری هەموو رۆژێکی ئەوکەسانە بوو کە ئیستخارەیان دەویست. هەر دەچوونە لای، هیچیان نەدەگوت، ئاخوندەکە زوو وڵامی دەدانەوە، بە ئەرێ یا ناو هیچی تر. نوورەددین چووە پێشێ ئاخوندەکە گوتی نا. پاش نوورەدین منیش چوومە پێشێ، هیچیشم لە دڵدا نەبوو. ئاخوندەکە گوتی نا. ئەنگوستیلەیەک لە قامکی ئاخوندەکەدا بوو، هێندە جوان بوو پیاو حەزی دەکرد تماشای کا. هاتینە دەرێ. گوتم نوورەددین ئەو ئەنگوستیلەی حاجی ئاغا چەند جوان بوو. گوتی ئەرێ، ئەوە دوڕڕی یەمانیە زۆر گرانە. گوتم راستی خۆ هیچمان بە حاجیاغا نە گوت چۆن ئەو زوو جوابی داوە، گوتی گوتنی ناوێ ئەو دەزانێ چی لەدڵماندایە. هەر بۆیە ئەگەر خێری تێدابێ دەڵێ بەڵێ دەنا دەڵێ نا.

مەلای کوردیش زۆر دەچنە قوم. هەر بە جلی کوردیەوە دەچن. لەگەڵ نوورەددین لە حەوشی حەرەم چەند مەلایەکی کوردمان دیتن. نوورەددین چوو بۆ لایان سڵاوی لێ کردن و خوڵکی کردن بچنەوەماڵی ئەوان. مەلاکان وەک جاری هەووەڵی من بە سەر سووڕمانەوە سپاسیان کرد.ئەمجار زانیم، نوورەددین هەر پێی

خۆشە دۆست و برادەری کوردی زۆر بن. گـوتم نـوورەددیـن تـۆ نەدیو و نەناسراو زوو لە گەڵ خەڵک دەبیە دۆست.گـوتی پیـاو تـا دۆستی زۆر بێ، کەمە. دووکاندارەکانی قوم لە کتێب فرۆشیەوە تـا سوپێرمارکێتەکان هەموویان نوورەددینیان خۆش دەوێ. کـوڕێکی خۆش خولق و دڵپاکە . کە هاتبوونە سەقزیش لە گەڵ مەلایـەکـی کورد قسەی حەزرەتی مـەهـدی کـرد. گـوتم نـوورەددیـن باسـی مەهدی لێرە ڕەواجی نییە. خەڵکـی ئێمـە سـوننین، بیـر و بـڕوای جیاوازیان هەیە. بەڵام وەک خوو لە گەڵی بوو هەر باسی مەهدی و مەهدەوییەت لە سەر زار و زمانی بوو. نـازانم ئـەم خـووە چیـە لەگەڵ ئەم خەڵکە، ئەوە لە تەورێز لە بـازاڕی فـەرش فرۆشـەکـان تماشای فەڕشێکم کرد. خاوەن دووکانەکە پیاوێکی بە تەمەن بوو. گوتی تۆ کوردی؟ گوتم بەلێ. گوتی پرسیارێکت لێ بکەم راسـتم پێدەڵێی؟ گوتم ئەگەر وڵامەکەی بزانم بەچاوان. گوتی ئـەوە ئێـوە بۆچی نەتانهێشت عەلی هەووەڵ بێ؟ لە دڵەوە پێکەنینم هات. ئەم پیاوە بەم تەمەنەوە چۆن بیـر دەکاتـەوە! گـوتم وەڵـڵا ئـەمـن زۆرم حەول دا هەووەڵ بێ بەڵام کەس بەقسـەی نـەکـردم و بـە ڕبـەیان نەپێوام. ئەم جۆر فکرە کەی خاتیمە پێ دێ، ئەڵڵاهوو ئەعلەم.

جارێکی کە چوومەوە بۆ مەشـهەد و سـەردانـی تووسـم کـرد. تووس شارێکی نێزیک مەشهەدە. گڵکـۆی فـردەوسـی شـاعیری گەورەی ئێرانی لەوێیە. بینـای ئارامگـەی فـردەوسـی بـە شـێوەی

مێعماری دەورەی هەخامەنشی و ئەشکانی سازکراوە. یەکپارچە بەردە. بەردی مەڕمەڕ. زۆر دیمەنێکی جوانی هەیە. ژێرەکەی هۆڵێکی گەورەیە. ئەم بینایە لە باخێکی زۆر ڕازاوەدا ساز کراوە. باخەکە ئی فردەوسی بووە. پێشتر بیناکە وا نەبووە چەند جاران نۆژەنیان کردۆتەوە. جارێکیان مەلەکوششوعەرای بەهار و کۆڕێك لە زانایان نۆژەنیان کردۆتەوە. جارێکی دیکە ئاسەواری نەتەوەیی سەر لە نویێ نۆژەنی کردۆتەوە. پەیکەرەی فردەوسی لە نێوە راستی حەوزێکی پڕ ئاوا لە بەرد ساز کراوە. مووزەی تووس هەر لەو شوێنەیە کە ئاسەواری لەمێژینەی تێدایە. چەند جۆر شانامە لەو مووزەدان. شتی تریش وەک عەتردان و چرای قەدیمی و کتێبی دەسنووس و تابلۆی نەقاشی لە چیرۆکەکانی شانامە. گڵکۆی شاعیری هاوچەرخ مەهدی ئەخەوانی سالسیش لە نێزیک گڵکۆی فردەوسی‌یە. بەداخەوە کەم کەسان بۆ دیتنی ئەم شوێنە دەچن. کاتێ من لەوێ بووم پێم وایە دەدوازدە نەفەرێکی کەش لەوێ بوون. لە چوونی مەشهەددا هەر جارە بۆ دیتنی شوێنێکی مێژوویی دەچووم. بۆ وێنە جارێکیان چوومە نەیشابوور. کە لە مەشهەدەوە زۆر دوور نیە. شەو و رۆژێك لەوێ مامەوە. چوومە مووزەی نەیشابوور کە لە کاروانسەرای قەدیمی دایە. کاروانسەراکە ئی دەورەی شاعەباسی سەفەوییە. هەر لە تارانەوە کە بە گەرمسار و سمنان و دامغان و نەیشابوور دا دێی کاروانسەرا

گەلێک دەبینی کە هەموو ئی دەورەی شاعەبباسن، کە بۆ حەسانەوەی موسافیرانی ئەو رێگە ساز کراون یەکیان ئەم مووزەیە. لە پاش مووزە چوومە ئارامگەی خەییام و عەتتار و کەماڵەلمولک و ئیمامزادە مەحرووق. لە سەر گڵکۆی خەییام بەردێکی زۆر گەورە وەک ئەستێرە ساز کراوە کە نیشانەی ئەوەیە خەییام ئەستێرەناس بووە. بینای سەر گڵکۆ کەشی زۆر جوانە. گڵکۆی عەتتاریش بیناکەی بەشێوەی مێعماری ئیسلامی ساز کراوە. ئی ئیمامزادە مەحرووقیش هەروا. دەڵێن ئیمامزادە مەحرووق بە دەستووری مەئموون خەلیفەی عەبباسی هەر بەزیندوویی سووتێندراوە. جارێکیش لە نێو شاری مەشهەد چوومە باخی نادری و ئارامگەی نادر شای ئەفشار کە پەیکەرەی نادر شا بە سەر ئەسپەوە لەگەڵ سەر بازەکانی لەوێ دانراوە. قەبری کۆلۆنێل موحەممەد تەقی خانی پسیان لەوێیە ئەو یەکێک لە خەباتکارانی دەورەی مەشرووتە بووە. پیاوێکی عەداڵەت خواز و خزمەتکاری خەڵک. مووزەی مەردمناسی لە نێو شاری مەشهەدیش زۆر شوێنێکی خۆش و دڵگیرە. ساختومانێکی قەدیمیە پڕ لە ئاسەواری مێژوویی. کەلە پێشدا ئەم شوێنە گەرماو بووە، ئێستا کراوەتە مووزە.

لە مێژ بوو پێم خۆش بوو جارێک بچمە یەزد. نموونەی مێعماری گڵینی دنیایە. لە تەورێزەوە چووم. ئەوێ ماشێنی

یەکسەرەی بۆ یـەزد هەیـە. ئوتووبووسـی راحـەت و چـاک. چـل هەزار تمەنمدا. دوای سی و شەش سـاعەت گەیشـتینە یـەزد. بـە سەر زۆر شار و گونداندا ڕۆیشتین. ئەگەر نێوی ئەو شار و گوندانە بێنم لاپەڕەیەک ڕەش دەکاتەوە. لە مەلایر بەو لاوە دەشتێکی کاکی بەکاکییە تا دەچێتە نێو کەویر. یەزد شارێکی کەویرییە ڕۆژی گەرم و شەوی فێنک. کە گەیشتینە تێرمیناڵی یەزد دوازدەی نیوەڕۆ بـوو. تێرمیناڵەکەی دەڵێی پارکـە هێنـد خۆشـە. نێـو تێرمیناڵـەکـە واتـا ساختومانەکەی زۆر خۆشە. دووکـان و فرووشـگەی زۆری لێیـە. دەڵێی بازاڕە. حەوش و حەساریش هەموو باخچـە و گـوڵ و دار و درەخت. تاکسی بۆ نێو شار بانگیان دەکرد. بە شۆفیر تاکسـیەکـم گوت دەچمە میراسی فەرهـەنگـی. بـۆ خـۆی نـەیزانی، لـەچـەن شـۆفیری دیکـەی پرسـی، ناونیشـانیان دایـە. لـە بـەر میراسـی فەرهەنگی دابەزیم. چوومە ژووریێ بەخێر هاتنیـان کـردم. گـوتم دەمەویێ بە یەزد دا بگـەڕێم. نـەخشـە و برووشـوور و کتێبچـەیان دامیێ. سپاسم کردن. لە پێشدا چوومە چێشت خانەیەک نـەهـارم خوارد. پاشان چوومە ئەو بەشەی شار کە هەموو ماڵەکـان گڵـین. یەزدی کۆن. ماڵەکان هەموو یەک نهۆمی و لـەگـڵ سـاز کـراون. کووچە و کۆڵانی تەسـک و باریـک و دوور و درێـژ. تینـی خـۆر دەڵێی ئاگر لە سەر پشتت کراوەتەوە. ئەو ماڵانە هـەمـوو خـەڵکی تێدا دەژین. میراسی فەرهەنگی دەیانپارێزیێ. هیچ کەس بۆی نیـە

دەسکاری ئەوماڵانە بکات. هەرچەن ماڵەکان شەخسین و هەر کەس هی خۆیەتی بەڵام ئیزنی تێکدان و نۆژەن کردنەوە یان نیە. لە کۆڵانێکەوە دەڕۆشتم ماڵێکیان بەگڵ سواخ دەدا. هیچ ماڵێک ماشێنی بۆ ناچێ. چونکم کۆڵانەکان لەیەک میتر و دوو میتر پانتر نین. خەڵکی ئەو گەڕەکانە بە دووچەرخە، یان بە ماتۆرسکلیت هاتووچۆ دەکەن. ئەگەر بتەوێ بە هەموویا بگەڕێی لەوانەیە حەوتوویەک بەرێ، بەڵام لایەکی بگەڕێی وەک ئەوەیە هەموویت دیبێ. لە سەربانەکان بادگیر دروست کراون کە دەبنە هۆی فێنک بوونی نێو ماڵەکان. دەیانگوت لە کوولێر گازی باشتر و سەلامەت ترە. بادگیرەکان بەگڵ و دارن. لەو گەڕەکانە هەمباراو، یان ئاوئەنبار هەن کە بە سەد و پەنجا پلیکان دەچێتە خوارێ بۆ ژێر زەوی. یەزد شارێکی کەم ئاو بووە. ئەو ئاوئەنبارانە بۆ زەخیرە و پاشەکەوتی ئاو لە قەدیما ساز کراون. تا ئاخر پلیکانی ئەو ئاو ئەنبارە چوومە خوارێ. ئەو ناوە زۆر فێنکە، پیاو لەو گەرمایەدا لەوێ دەحەسێتەوە. چەند ماڵێک و چەند گەرماوێکی قەدیمیان کردۆتە موزە. کە ئەوانەشم دیتن. میوانخانەشی لێیە، کەسێک پێی خۆش بێ دەتوانێ لەو میوانخانە قەدیمیانە دا بمێنیتەوە. بەڵام نرخی مانەوە لەو بەناو هوتێلە سوننەتیانەدا زۆر گرانە. من دەچوومە خانەی موعەللیم. لە زۆربەی شارەکانی ئێران خانەی موعەللیم هەیە. ئێمە کارتی موعەللیمیمان پێیە دەتوانین بچینە ئەوێ. نرخی

لە چاو هۆتێل و موسافیرخانە کەمترە. نان و چاشی هەرزانتـرە. تـا ئێوارە بە کوڵانەکاندا گەڕام. گەڕۆک و گەشتاری زۆری لێ بـوون، لە هەندەرانیشەوە هاتبوون. ژن و مێردێک دەگەڵ دوو منداڵەکەیان لە فەڕانسەوە بۆ دیتنی ئەم شارە هاتبوون. دوور بینیان پێ بوو پـەیتا پەیتا عەکسیان داویشت. داوایان لێ کردم چەند وێنەم لێ بگـرن. بە ئیشارە پێم گوتن ئەمن کوردم لە کوردستانەوە هاتووم. ئەم جـل و بەرگەم کوردیە. منیش وەک ئێوە گەشتیارم. بـە ئامـاژە سپاسـیان کردم «تەنکیـوو»!. ڕۆژی دوایـی چوومـە بـازاڕی یـەزد. یـەزدی هەموو دەست ڕەنگینن. فەڕش و ڕووفەڕشی و دەسماڵ و پارچە و ئەوانە ساز دەکەن. دەیانگوت جگە لـە کارخانـەکـان خـەڵک لـە ماڵی خۆشیان کاری دەستی دەکەن. لە ڕووی برووشـوورەکانـەوە شوێنە گەشتیاریەکان هەمووی گەڕام. مزگەوتی جامیعەی کەبیری یەزد. مزگەوتێکە بێ حەددو ئەندازە خۆش. نازانم چـۆنی تـاریف بکەم. بە تەنها خۆی کتێبێکی سـەد و بیسـت لاپـەڕەیـی لـەسـەر نووسـراوە. مزگـەوتـی جامێعـەی کـەبیـری یـەزد. یـەکێـک لـە شاکارەکانی مێژووی مێعمـاری ئێرانـە. ئـەم مزگـەوتـە مێژووییـە بیناکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ پـێش ئیسـلام. لـەو کتێبـەدا نووسـراوە، واوێـدەچـێ ئـەم مزگـەوتـە پـێش لـە هـاتنی ئیسـلام ئاورگـەی زەڕدەشتییەکان بوو بێ. پاشان کراوەتە مزگەوت. ناو بـە نـاو شـتی دیکەی لێ زیادکراوە.هەر گڵیشە. هێندە بەرزە، پیاو ئەگەر بیـەوێ

چاو لە نەخش و نیگاری میچـەکـەی بکـا دەکـەوێ بـەپشـتا. بـە ڕاکشاوی دەتوانی جوان هەموو میچەکەی و نەخش و نیگارەکانی کەوا تێیدایە ببینی. هـەمـوو کاشـی ڕەنگـاوڕەنـگ و نووسـراوەی جوان. سەرم سووڕما. چۆن بەو میچەوە ئـەم هـەمـوو جوانکاریـە کراوە.! حەوشی پڕ لە گوڵ و باخچە و حەوزی پڕ لە ئـاو، لـە پـاڵ مزگەوتەکە کتێب خانـەی گشـتییە. بـە نێـوی کتێبخانـەی گشـتی وەزیری یەزد. چوومەژووری. دەتوانی بەنێو هـەمـوو کتێبـەکانـدا بگەڕێی، خەڵکیش دانیشتبوون موتاڵایان دەکرد. کتێبخانەیـەکـی زۆر دەوڵەمەند.

خەڵکی یەزد زۆر مێهرەبانن. بە تایبەت بۆ میوانـان. ناونیشـانی هەر کوێیان لێ دەپرسی بە جوانی پێتی دەڵێن و ڕێنوێنیت دەکەن. پارێزگـای یـەزد شـاری زۆرن. کـە هـەر هـەموویـان ئاسـەواری مێژوویيان تێدایە. مەیبود، بیهاباد، تەبـەس، سـەددووق، تـەفـت، ئەبەر کووە، بافوق، میهریز، ئەردەکان، خاتەم. من لە کتێبـەکانـدا کە میراسی فەرهەنگی یەزد دایمـێ ئـەو شـارانە و ئاسـەوارەکـانیم دیت. دەنا خۆ ئەگەر بچی هەموو ئـەم شـارانە و ئـەم ئاسـەوارانـە ببینی لەوانەیە سێ‌چوار مانگان بخایێنێ. خەرجیشی زۆرە. ڕۆژی سێهەم چوومە ئاتەشکەدەی زەردەشتیەکان. یەزد زەردەشـتی زۆرە. ئاتـەشـکەدەش زۆر ڕازاوە و جوانـە، لـە دەرکـە دەچیتـە ژووری حەوشێکی پڕ لە گوڵ و دار و درەخت و حەوزێکی پڕ لە ئاو. بینای

ئاتەشکەدەکە دوو هۆڵی گـەورەی هەیـە. نمـادی زەردەشـتیەکـان ئەهورامەزدا بە قەد دیوارەکەوەیـە. لایـەکـی هۆڵـەکـە وێنـەکـانی حەزرەتی زەردەشت و پەیامە عاسمانیەکانی ئەو پێغەمبەرە ئێرانیەیە کە بە خەتی گەورە نووسراون. لایەکی تـری موزەیـە. ئاسـەواری کۆنی تێدایە. وەتاقێکی گەورەش جێگـەی ئاگردانـەکەیـە، کـە لـە پشت شووشـەیەکـی زۆر گـەورەدایـە. ئـاگردانێکی زۆر گـەورەی تـەڵایی رەنـگ وەک گوڵـدانێکی زۆر گـەورە. ئـەوە بـێ وچـان ئاگرەکەی دایسێ. ئاوردوەکەشـی دارە. قـەت قـەت نەیانهێشـتووە بکوژێتەوە. لە ئاتەشکەدە هاتمە دەرێ. چەند تاکسی وەسـتابوون، گوتیان دەچیە دەخمە؟ گـوتم دەخمـە کوێیـە؟ گوتیـان ئـەویـش ئاسەواری مێژوویی زەردەشتیەکانە. نەفەری هەشت هـەزار تمـەن خەڵکیان دەبرد. چووم، لەدەرەوەی شارە. لە بنـاری کێوێـک سـاز کراوە. دەیانگوت قەدیم زەردەشتیەکان مردوویـان هێنـاوە بـۆ ئێـرە شوشتوویانە و پاشان سووتاندوویانن. ئەو بینایە هەر مـاوە. لـەوێ گەڕامەوە، زۆر شـوێنی دیکـەی یـەزد گـەڕام. سـەو قـاتی یـەزد و شیرینی ئەوێم کڕی. قوتاب نێوی جۆرە شیرینییەکە لە یـەزد . زۆر بەتام و خۆشە. ئێوارە چوومەوە تێرمیناڵ و لەوێوە چوومەوە بۆ قوم. نێوان یەزد و قوم بە ئوتووبووس هەشت سەعاتـە. دیسـان لـە قـوم تەسبێحم کڕی و هێنامەوە. ئەم سەفەرە لە چاو سەفەرکانی پێشـوو زۆر ماندوو بـووم. بـەڵام بـەراسـتی زۆر سـەفـەرێکـی خـۆش و

گەڕانێکی بەکەڵک بوو.

وەک گوتم لە هەوەڵەوە تەسبێحەکانم دەبردە لادێکان بەڵام لە دوای ئەو بەسەر هاتە ئیتر دەمبردن بۆ شارەکان و لە بازاڕی تەسبێح فرۆشان دەمفرۆشتن. هەموو شارەکان بازاڕی تەسبێحفرۆشیان لێیە. جگە لەو بازاڕانە لە هەموو شارەکانیش دووکانی خەرڕازی فرۆشەکان تەسبێحیان هەیە. بۆ هەندێک لە دووکانەکانیشم دەبردن. ئەوشارانەی تەسبێحیان بۆ دەبەم. بۆکان، مەهاباد، نەغەدە، شنۆ، پیرانشار، سەردەشت، مەریوان، بانە، دیواندەرە، میاندواو، مەراغە، سایین‌قەڵا و تیکابن. کە زۆر جاران پاش فرۆشتنی تەسبێحەکان بەو شارانەشدا گەڕاوم.

زۆرم پێخۆش بوو بچم بۆ زیارەتی حەزرەتی وەیس. تاریفی ئەو عارفە گەورەم لە کتێبی تەزکیرەتولئەولیای شێخ فەریدەددین عەتتاری نەیشابووری‌دا خوێندبۆوە. مەزاری پیرۆزی حەزرەتی وەیس لە سەر ڕێگای کرماشان بۆ ڕوانسەرە، گوتیان لە وەیس دووکانی لێن تەسبێح دەفرۆشن. دۆستێکم ماشێنی هەیە، کرێ کەشی پێدەکا. کرێی ڕۆژێکم دایە . پڕ تەلیسێک تەسبێحمان هەڵگرت و بەرەو مەرقەدی حەزرەتی وەیس وەڕێکەوتین، مەرقەدی وەیس لەسەر شاخێکی زۆر بەرزە کە جادەی قیرەتاوی تاسەر لووتکەی کێوەکە بۆ کێشراوە. کەچووینە ئەوێ لە پێش‌دا سەردانی تەسبێح فرۆشەکانم کرد. تەسبێحیان هەڵواسیبوو هەموو

تەسبێحی لایلۆنی هەرزانبایی. دەنکیان دەدا بە هـەزار تمـەن. کـە تەسبێحەکانی خۆم پیشاندان گوتیان ئەوانەی تۆ تەسبێحی چاکن. نرخی تەسبێحەکانی منیان پێ زۆر بـوو. ئـی مـن دانـەی ۲۰۰۰ تمەن بوو. دەیانگوت زیـارەتچـی لـە جـوانی و چـاکی تـەسـبێح ناپرسن هەر هەرزان بێ دەیکڕن . گوتم دەجا ئەگەر وایە هیچمان لە هیچ. تەسبێحەکانم خستەوە نێو ماشێنەکە و چووینە زیـارەتـی حەزرەتی وەیس. مەرقەدی وەیس لە وەتاقێکی گچکەدایە. چووینە سەر مەرقەدەکە و فاتێحامان خوێند، بان ئەو کێـوە سـەنگفـەڕش کراوە. مزگەوتی گەورەشی لێ ساز کراوە. زیارەتچی زۆر هاتبوون. ئەو شوێنە، کانی و ئاوی لێ نیە. تانکێڕی گەورە گەورەیان دانـاوە. لە کرماشان و ڕوانسەرەوە ئاو دێنن و دەیکەنە تانکێرەکان. خـەڵک لەو ئاوە بۆ خواردنەوە و بۆ دەسنوێژ کەڵک وەردەگرن. دەیـانگوت کابرایەکی خێرومەند ئاوی ئەو هەموو تانکێڕە دابین دەکا. چەندین ساڵە لە کرماشان و روانسەرەوە، بە ماشێنی گەورە ئاو دێنێ و قەت نەیهێشتووە ئەوتانکێڕانە بێ ئاوبن. زۆر کەسان لەو شوێنە قوربانی دەکەن و بە سەر زیارەتچیاندا دەیبەشنەوە. کاروان کاروان خەڵک بۆ زیارەت دێن و یـەک ڕۆژ و دوو رۆژ دەمێننـەوە. ڕۆژانـی چـوار شەممە و پێنج شەممە و هەینی زیارەتچی زۆرترن. گۆڕستانێکیش لە سەر ئەو شاخەیە ئەوانەی پێیان خۆشە، مردووی خۆیـان دێـنن لەوێ دەینێژن. لە سەر ئەو شاخە بەرزەوە دیمەنی ئەو دەشتە پان و

بەرینە زۆر جوانە. کشت و کاڵی ئەو ناوچە پڕ پیت و بـەرەکـەتـە. شــەوانــە کـۆڕی زیکـر دادەمـەزرێـنن. دەفـژەن دەف لێـدەدەن و زیارەتچی بە هەوای ئـەو دەفـە، زیکـر دەکـەن. ئـەو زیـارەتگەیـە شــوێنێکی خـۆش و خـەم ڕەوێنـە. بـۆ گەڕانــەوە لــە ڕوانســەرەوە هاتینەوە. شاری ڕوانسەر شارێکی زۆر خۆشە. لـە پـارکی سـەراو تاوێک حەساینەوە. پاش حەسانەوە هاتینەوە بۆ سنە. شـێومان لـە سنە خوارد و بەرەو سەقز هاتین. کاتژمێر دوازدەی شەو لای دابـوو گەیشتینەوە ماڵێ.

ژنەوتم لە شاری ماکۆ بازاڕچەی ئازادی مەرزی دانراوە. گـوتم مومکینە تەسبێحی تورکییەشی لێ بێ. هەر بۆیە ڕێگای ئەو شارەم گرتە بەر. سەر لەبەیانی پێش بانگی سبح چوومە تێرمیناڵ و بلیتی ورمێم کـڕی. ئوتووبـووس کـاتژمێر پێـنج وەڕێکـەوت. بۆکـان و مەهابادمان بەجێ هێشت و کاتژمێر نۆی بەیانی بوو کە گەیشـتمە ورمێ. لە تێرمیناڵی ورمێ ئوتووبووسی خۆی ئامادەی حەرەکەت بوو. گوتم با شاری خۆی ببینم، پاشـان دەچمـە مـاکۆ. تـا خـۆی دووکـاتژمێر دەخـایێنێ. کـاتژمێر یـازدەی پـاش نیـوەڕۆ بـوو کـە گەیشـتمە خـۆی. چوومـە رێکخـراوەی میراسـی فـەرهـەنگـی و برووشوور و نەخشەی شارم لێ وەرگرتن. پێش لە هەمووشوێنێک چوومە سەر مەزاری شـەمسـی تـەورێـزی. شـەمـس ئـەو عارفـە گەورەیە کە بووە هۆی بەخۆدا هاتنەوەی مەولانـا جـەلالـەددینـی

ڕۆمی و ئەو عالمەی کـردە عـارف و پـاش ئـەو ئـاڵوگۆڕە هزریـە مەولانا مەسنەوی مەعنەوی و دیوانی کەبیری شـەمسـی نووسـی، کە شاکاری گەورەی ئەدەبی و عیرفانی فارسیە و مەسنەوی بە زۆر بەی زمانەکانی دنیـاش وەرگێـڕدراوە.[١] نزیکـەی دوو کـاتژمێر لـە خزمـەت ئـەو ڕۆحـە مـەزنـەدا دانیشـتم. مـەزاری شـەمـس لـە پارکۆکەیەکی بچووک دایە و هیچ گومبەز و شتی وای لە سەر ساز نەکراوە.دەوری مەزارەکـە حـەسـارێکی قـەدیمیـە کـە لـە دەورەی سەفەویەکاندا ساز کراوە و ماڵی هاوینی شا عەبباسی سەفەوی لـە نێزیک ئەو مەزارەدا بووە، بەڵام ئێستا هەر دیوارەکانی ماونـەتـەوە. پاش دیتنی مەزاری شەمس گەڕامەوە بۆ نێو شارو لـە زۆر شـوێنێ قەدیمی دیکەی شار دیتنم کرد. بۆ وێنە مەزاری پووریای وەلی کە جوامێرێکی بە نێو بانگە و هەموو وەرزشوانان خۆشیان هـەرەکـە. پاشان چوومە بازاڕی قەدیمی و پێیدا گەڕام.

شاری خۆی وەک هەموو شارەکـانی تـر حـەشـیمەتـی زۆر و ماشێنی فرە خەیابانەکانیان شلووق کردوون . بە ڕاستی ئەم ساڵانە خەیابان و کووچە و کۆڵان لە هەموو شارەکـان دەڵێـی پـارکینگی ماشێنن. شاری خەڵوەت و ئارام هـەر نـەمـاوە. شـەو لـە خانـەی موعەللیم خەوتـم. بـەیانی زوو بـەرەو مـاکۆ وەرێکـەوتمـەوە. لـە

---

١ـ دۆست و هاوکاری خۆشەویستم بەڕێز کاک عەلی پەناهی، مەسنەوی کردۆتە کوردی و تا ئێستا دەفتەری یەکەمی لە سێ بەرگدا لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتارەوە لە چاپ داوە.

خۆیەوە تا ماکۆ دوو کاتژمێر ڕێگەیە. کە گەیشتمە تێرمینالّی ماکۆ کاتژمێر نۆی بەیانی بوو. شاری ماکۆ لـە نێـوان دوو ڕیـزە شـاخی بڵێنددا هەڵکەوتووە. شـاخەکـان وەک دیـواری شـاغووڵ کـراون، ماکۆ بە هۆی ئەو شاخانەوە دیمەنێکی تایبەتی هەیە. خـەیابانێکی دوور و درێژ. ئەو شارە بە هۆی ئەو شاخانەوە بەر تەنگەو بەمـلا و بەولادا بڵاو نەبۆتەوە. چوومە میراسی فەرهەنگـی و برووشـوور و نەخشەی شاریان دامێ. پاشان چوومە خانـەی موعـەللـیم خـۆم نێونووس کرد و ساک و شتی زیادیم لـەوێ دانـان. پاشـان هاتمـە دەرێ لە چاخانەیەک نانی بـەیانیم خـوارد. هـەنـدێک بـەشـاردا گەڕام. هەواڵی بازاڕچەی مەرزیم پرسی گوتیان بـە تاکسـی بڵێـی دەتبا. تاکسی بە ۲۰۰۰ تمەن بردمـی. بازاڕچـە لـە شـارەوە دوور نییە. چوومە بازاڕچە. بازاڕچە تازە دامەزراوە. زۆربەی دووکانەکان هێشتا ئاوەدان نەکراونەتـەوە. هـەواڵـی تـەسـبێحی تورکییـەم لـێ پرسین. گوتیان ئێرە تەسبێحی لێ نییە. ئـەگـەر دەتـەوێ تـەسـبێح بکڕی و پاسپۆرتت هەیـە بچـۆرە دووبایزیـد. شـاری دووبایزیـد یەکێک لە شارەکانی کوردستانی باکوورە. لە مـاکۆوە دەبـێ بچیـە بازرگان و لەوێشەوە دووبایزید نێزیکە. ئەو ڕۆژە لە ماکۆ مامـەوە. کاخی سەردار لە شاری ماکۆ کاخێکی قەدیمیە کە لـە گونـدێکی قەراخ شارە بە نێوی باخچەجوق. بە تاکسی چوومە باخچەجـوق و کاخی سەردارم دیت. حەوشیکی گەورە پـڕ لـە دار و درەخـت.

کاخەکەش لە نێوەڕاستی حەوشە کەدایە. ئەو کاخەم وەک کـاخی سەعدابادی تاران هاتە پێش چاو بەڵام نەختێک چکۆڵەتر. شەو لە خانەی موعەللیم خەوتم. رۆژی دوایی چوومە شاری بازرگان کـە ئەویش لە ماکۆوە نێزیکە. لە بازرگان هەندێک پـارەی ئێـرانیم بـە پارەی تورکی گۆڕاوە و لە گومرکی بازرگان ٢٦ هەزار تمەنیـان لـێ ئەستاندم پاسپۆڕتەکەیان مۆر کردم و چوومە ئـەو دیـو. ئـەوانـیش پاسپۆڕتەکەیان مۆر کرد. ماشێن بۆ دووبایزید وەستابوون. نەفەری حەوت لیر، کە بە پوولی ئێران دەیکردە دەهـەزارتمـەن، پـارەم دا و سوار بووم. لە یادم نەبوو بێژم. لە ماکۆ دێیە دەرێ کێـوی ئـاراڕات کە کـەوتۆتـە خـاکی کوردسـتانی بـاکوور، دیـارە. کراسـی سـپی بەفرینی لەبەر دایە. لە رێگەی دووبایزید ئیتر بە پـاڵ شـاخەکـەدا دەڕۆی. هەموو ئەو ناوچە سەوزەڵانی و پڕ گوڵ و گیایە و ئـاراڕات یەکپارچە بەفـرە. ئـاراڕات دوو کێـون. ئـاراڕاتی گـەورە و ئـاراڕاتی چکۆڵە. هەرکیـان سـەریـان لـەعاسـمانە و بـە بـەفـر داپۆشـراون هەورەکان کە دەگـەنـە ئـەو دووکێـوە رێگـەی دەرچوونیـان نیـە و ئاراڕات گلیان دەدەنەوە. بەڕاستی دیمـەنێکـی جوانیـان هەیـە. لـە ماشێنەکەوە تا لێی ڕەت بووین دڵـم نـەدەهـات چـاو لـە ئـاراڕات بتروکێنم. لە دووبایزید گوتیان ئێمە بە ئاراڕات دەڵێین ئاگری داخ . ئەوە خەڵکی لای ئێوە پێی دەڵێن ئاراڕات. پشت شاخی ئـاراڕات شاری ئاگرییە. لە ڕێگەدا شەگەلی زۆرم دەدیت کە شوانیان بەلاوە

بوون. ئەو ناوچە پیشەیان شەگەلداری و بە خاوەنکردنی مەڕ و ماڵاتە. لە سەر سنوورەکەوە تا دوو بایزید نیو کاتژمێر دەخایێنێ جادەکەشی قیرەتاوێکی جوان و چەند باندەیە. کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی بە کاتی ئێران گەیشتمە دووبایزید. دووبایزید وەک بانەی لای خۆمان شارێکی پڕ لە پاساژە و خەڵک دێن لەوێ شت دەکڕن و دەیبەنەوە بۆ ئێران. بە پاساژەکاندا گەڕام. هەموو، شتی تورکییە دەفرۆشن دووکانی تەسبێح فرۆشێکم دیتەوە کە تەسبێحی زۆری لێ بوون. نرخی ئەوێ لە چاو ئێران هەرزانترە. لەوانەی بەدڵم بوون هەندێکم کڕین. بانگی نیوەڕۆ درا. خەڵکی دوو بایزید کە هەموو کوردن زۆر بە دین و بە دیانەتن. بۆ نوێژی نیوەڕۆ مزگەوتەکان جمەیان دەهات. ئەمنیش چووم بۆ نوێژ. حەوز و ئاویان زۆر پاک و خاوێنە. ئاوی شێرەکان هێندە بەخوڕ دێن لەوانەیە دەستی پیاو بەرن، ئەو مزگەوتەی نوێژم لێکرد، مزگەوتی مامۆستا ئەحمەدی خانی بوو. گڵکۆی پیرۆزی مامۆستا خانی بە قەد شاخێکەوەیە و گۆمبەزی لە سەر ساز کراوە و لە نێو شاری دووبایزیدەوە دیارە. شاخەکەش هەر بەشاخی مامۆستا خانی ناونراوە. پێی دەڵێن باباخانی. بۆ نانخواردن چوومە ساندویچ خانەیەک. ساندویجێکی خۆماڵی بۆ ساز کردم کە بەڕاستی بە دۆی خەست و خۆڵەوە زۆر بەلەزەت بوو. تا ئێوارێ بە پاساژەکاندا گەڕام شاری دووبایزید کەوتۆتە ئەوبەری پاساژەکان.

شـــارێکی خــۆش و ڕازاوە. زاراوەی کرمـانجی بـاکوور لــە گــەڵ کرمــانجی لای خۆمــان زۆر وێــک نــاچن، ئــەمــن لــە زاراوەی کرمانجی لای ورمێ و شنو و پیرانشار بە باشی حاڵی دەبم. بەڵام لە ئی ئەوان حاڵی نەدەبووم. ناچار هەر بـە ئامـاژە قسـەم لـەگـەڵ دەکردن. ئێواریٚ بەرەو سنوور گەڕامەوە. پاسپۆرتەکـەم مـۆر کـردو هاتمەوە بازرگان و لەوێشەوە بـۆ مـاکۆ، شـەو لـە مـاکۆ مامـەوە و ڕۆژی دوایە هاتمەوە بـۆ ورمـێ، لـە ئوتووبووسـەکـەدا پیـاوێکی تەقریبەن سی ساڵەم لە لاوە بوو گوتی ئەمن ئاشووریم و مـاڵم لـە ورمێیە، دەربارەی داب و نەریت و ڕەسم و یاسای ئاشـووریم لـێ پرسی، زۆری بۆ باس کردم. شتێ کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ئەوە بوو، کە گوتی لە ئایینی ئێمەدا خاڵۆزا و پوورزا و ئامۆزا، بـە یـەک ناشێن و خۆمان بە خوشک و برا دەزانین. لە ورمـێ کـە دابـەزیـم کاتژمێر یازدەی نیوەڕۆ بوو سەرێکی بازاڕی تەسبێح فرۆشـانم دا . پاش خواردنی نەهار. کاتژمێر سـێی دوانیـوەڕۆ بـوو هاتمـەوە بـۆ مەهاباد و لەوێشەوە بۆ سەقز. بە هیوام ئەمجارەی تر ئەگـەر بچـم بۆ کوردستانی باکوور بە باشی بە هەموو شارەکانی ئەو بـەشـە لـە کوردستاندا بگەڕێم.

سەر گوروشتەی شێخ ئەبولحـەسـەنـی خـەرەقـانی و سـوڵتان بایەزیدی بەستامیم لە تـەزکیـرەتولئـەولیـای شـێخ فـەریـدەددین عەتتاری نەیشابووریدا خوێندبۆوە. کتێبی تەزکیرەتولئەولیا باسـی

نەوەدونۆ ئەولیای گەورەی تێدایە کە جگە لە عەبدایەتی و بەندەگی بۆ خودا، عەبدایەتی و بەندەگیان بۆ کەسی دیکە نەکردوە. ئـەگـەر لە مێژووی دین بڕوانین زۆر کەسان دینداریان بـۆ سیاسـەت یـان بۆ پووڵ و پارە کردووە.بەڵام ئەم عارفـە گـەورە و خودانـاس و لـە خودا ترسانە دینداریان هەر بۆ ڕەزای خودا بووە و کە ئەو دینداریـە ڕەزای خەڵکیشی لێ کەوتۆتەوە. هەر بۆیە ئێستا و ئێستاش نێویان بەرزە و گڵکۆی پیرۆزیان ئارامگەی دڵانـی مانـدووە. حـەزرەتـی سوڵتانولئەولیا بایزیدی بەستامی لە بەستامە و مەرقـەدی پیـرۆزی شێخ ئەبولحەسەنـی خـەرەقـانی لـە خـەرەقانـە. ئـەم دوو عارفـە خۆشەویستە نزیکەی هەزار تا هەزار و دووسەد سـاڵ لـەوە پـێش ژیاون. بەستام لە دەکیلۆمەتری شاری شـاهروود و خـەرەقـان لـە بیست کیلۆمەتری ئەوشارەیە. بەسـتام و خـەرەقـان لـە پارێزگـای سمنانن. بەستام شارێکی گچکەڵەیە و خەرەقانیش شارەدێیـە. بـۆ زیارەتی ئەم دوو عارفە گەورە دەزنوێژم هەڵگرت و وەڕێ کەوتـم . لە پێشا چوومە تـاران، لـەوێـوە بـەرە و شـاهروود. شـاهروود لـە تارانەوە شـەش کـاتژمێر ڕێگەیـە، کـاتژمێر شـەشـی بـەیانی بـوو گەیشتمە شاهروود. تێرمینالی شـاهروود لـە نێـو شـار دوورە، بـە پێیان بۆ نێو شار وەرێکەوتم، پاش کاتژمێر و نیوێک ڕێگە پێوان بە بلوارێکی دوور و درێژدا، گەیشتمە نێو شار. پیادەڕەوی ئەو بڵـوارە دوور و درێژە هەم وەرزش بوو، هەم ئەوەش کەویسـتم کـاتم لـێ

تێپەڕ بێ و رێکخراوی میراسی فەرهەنگی بکرێتەوە. حەوت و نیوی تەواو لە بەر دەرکی میراسی فەرهەنگی بووم. چوومە ژوورێ. پاش سڵاو. بە یەکێک لە کارمەندەکانم گوت گەشتیارم و دەمەوێ برووشوور و نەخشەی شارم دەنێ. بەخێر هاتنی کردم و برووشوور و سی‌دی و نەخشەی شاری دامێ و رێنوێنی کردم کە لە کوێوە بچمە بەستام و خەرەقان. بۆ بەستام ئوتووبووسی خەتی شاری دەچوون و کرێکەشیان هەرزانتر لە تاکسی بوو. بە ئوتووبووس چوومە بەستام. لە بەر دەرکەی ئارامگەی سوڵتان بایزیدی بەستامی لە ئوتووبووسە کە دابەزیم. ئەو شوێنە شوێنێکی مێژوویی و گەورەیە. حەوشێکی گەورە، بیناکەی قەدیمی و بە خشتی سوور ساز کراوە. دەرک و دەروازەی دارین و زۆر جوان. ئارامگەی حەزرەتی بایزیدی بەستامی لە حەوشەکەدایە. لە تەنیشت بایەزید مەرقەدی ئیمامزادەیەک گومبەز و شتی وای لە سەر ساز کراوە. کە دیارە ئەو بینایە تازە ترە لە گڵکۆی پیرۆزی سوڵتان بایزید. لە نێو حەوشەکەش چەند وەتاق بۆ میوانان هەیە کە زیارەتکەران دەتوانن لەوێ بحەسێنەوە، شوێنی دەزنوێژ بۆ ژنان و پیاوان جوێیە. لە پێشدا دەزنوێژم تازەکردەوە و چوومە خزمەت سوڵتان بایزید و فاتێحام خوێند، زۆر لە خزمەت ئەو ڕۆحە بەرزەدا، دانیشتم و بیرم لەو هەموو خوداناسی و چاکەکاریانەی کردەوە کە لە تەزکیرەتولئەولیا دا

خوێندبوومەوە، پاشان چوومە ژووری ئیمام زادەکـەش. ئـەویـش وەک مزگەوتۆکەیەکە و قەبری ئیمامزادەکە لە وەتاقێکی ئەلاحیددە دایە. پاش فاتێحایەک هاتمە دەرێ و لەوێش چەند برووشوورم لە دەفتەری سەرپەرەشتی ئەو شوێنە وەرگرت. لە سووچێکی حەوشە کـەدا، چـەنـددووکانی تـەسـبێح فرۆشـی هـەبـوون کـە خـەڵک تەسبێحیان بۆ تەبەڕک دەکڕی، ئەو ملاقاتـەم لـە گـەڵ حـەزرەتـی بایزیـد دووکـاتژمێریکی خایانـد و پاشـان هاتمـە دەرێ. شـاری بەستام زۆر شارێکی خۆشە. شارێکی ئارام و بێدەنگ ـ لە چەنـد شوێنی دیکەی ئەوشارەش دیتنم کرد. وەک گومبەزی غازان خان، مەدرەسەی شاهڕوخییە، مزگـەوتـی جامێعـە. بـورجی کاشـانە و بورجی مێژوویی بەستام. کاتژمێر بوو بە دوازدە لە پیـرە پیـاوێکی خێن شیرنم پرسی لە کوێوە دەچن بۆ خەرەقـان. فـەرمـووی ئـەو چوارڕێیانە وێستگەی ماشێنی خەرەقانە. ماشێنەکـانی خـەرەقـان لەوێ ڕادەوەستن. چوومـە وێـستگە، پـاش چـارەکـە سـەعاتێـک ماشێنێکی سەواری هات. دەسـتم لـێ هـەڵێنا. وەسـتا و سـواری کردم. شۆفیرەکە و کابرایەکی پیر کە دیار بوو ئـەویـش موسـافیری خەرەقان بوو. شۆفیرەکەلێی پرسیم: خەڵکی کوێی؟ گۆتم کـوردم و لە کوردستانەوە هاتووم بۆ زیارەت. بە خێر هاتنی کردم و گـوتی ئەگەر خومس و زەکات دەدەی ئەم پیاوە پیرە موستەحـەققـە بیـدە بەم. پیاوە پیرەکەش هیچی نەگوت. کە گەیشتینە خەرەقان لـە بـەر

دەرکەی مەرقەدی شێخ ئەبولحەسەنی خەرەقانی دابەزیم. خەرەقان شارەدێیەکی زۆر خۆشە، ئەویش وەک بەستام ئارام و بێدەنگ. فڕکە فڕکی ماشێن و هەرا و هوریای خەڵکی لێ نیە. لە پلیکانەکان چوومە سەرێ، پەنجا پلیکان زیاترە. ئارامگەی شێخ لە باخێکی پڕ لە دار و گوڵ و گیا دایە. دوو جۆگە ئاوی ساف و ڕۆشن بە خوڕ دەڕۆن. بەحەشتم نەدیوە، بەڵام ئەوەی کە لە بەحەشتی دەگێڕنەوە ئەوێش وایە. خەڵکی زیارەتچی هەموو بارگەو بنەیان خستۆو چادریان هەڵداوە. منداڵان بە ئاوی ئەو جۆگەلانە یاری دەکەن. لە وێش دەسنۆژم تازەکردەوە و چوومە خزمەت شێخ ئەبولحەسەن خەرەقانی.گڵکۆی ئەو پیاو چاکە لە ژوورێکی گچکە دایە و ئەولاتریش شوێنی نوێژکردنە. نوێژی نیوەڕۆم کرد. بینای سەر گڵکۆکە بەخشتی سوورە. کاتژمێرێک لە خزمەت رۆحی پیرۆزی شێخ ئەبولحەسەن دابووم. پاش ماڵاوایی لە شێخ هاتمە دەرێ و بە نێو حەوشەکەدا گەڕام. دیمەنی دوور و نێزیکی ئەوشوێنە زۆر جوانە. لە دوورەوە پیاوێکی باڵابەرزی ریش چەرمووم دیت، کە لە و جۆگە ئاوە گوزەڵەی پڕ دەکرد. لێی نێزیک بوومەوە. سڵاوم کرد. گوتی لە کوێوە هاتووی؟ پێم گوت. گوتی دەکرێ ئەم نیوەڕۆیە بۆ نەهار میوانی من بی؟ سپاسم کرد. گوتی نا، سپاسی ناوێ حەز ئەکەم میوانی من بی. هێندە خێن شیرن بوو دڵم نەهات نەچم. بردمیە ژوورەکەی خۆی. ژوورێکی

زۆر چکۆڵە و متبەخێکی دووگەزی. ژوورەکـەی پڕپـڕ لـە کتێبـی باش‌باش. لە عیرفان و فەلسـەفـە، کـە خـۆمم پێ‌ناسـاندو گـوتم مامۆستای خانەنشینم و هۆگری کتێب و نووسین، هێندی دیکەی پێ‌خۆش بوو. ئەو پیاوە تەنیا بۆ موتاڵاو ژیانێکی ئاسـوودە هاتۆتـە ئـەم شـوێنە. ئـەو وەتاقـەشـی بـە کـرێ گرتبـوو. عاشـقی شـێخ ئەبۆلحەسەنی خەرەقـانی و ئـەوینـداری ڕێبـازی مانـا. دەیگـوت ئوروپا و ئامریکـا هـەمـوو گـەڕاوە. وێنـەکانیشـی لـە ئالبۆمێکـا پیشاندام. ئاخر سەر ئەم ژیانـەی بۆخـۆی هـەڵبژاردووە. خـەڵکی یەزدە و دووساڵە لەو وەتاقەدا دەژی. دەیکوت مەگـین بـۆ کڕینـی شت بچمە شاهڕوود، دەنا هەر لێرەم، ڕۆژی چەن کاتژمێر دەچێتە سەر گڵکۆی شێخ ئەبۆلحەسەن و باقیەکـەی لـەو ژوورەدا موتـاڵا دەکا. تا من چاوێکم لە کتێبـەکـانی کـرد، نـەهـاری سـاز کـرد و سفرەی راخسـت. چ ئاشـپەزیـەک، پیـاو لـەو خۆراکـەی سـازی کردبوو تێر نەدەبوو. گـوتم تاکـەی لێـرە دەمێنیـەوە؟ گـوتی هـەتـا بمێنم. پاش چـەن کاتژمێرێـک گـوتم دەڕۆم. گـوتی پـێم خۆشـە زۆرتر لێرەبای. گوتم ئیشەڵڵا جاری دی هاتمەوە زۆر دەمێنمـەوە. ماڵاواییم لێ کرد و گەڕامـەوە بـۆ شـاهروود. لـە تێرمینـاڵ بلێتـی گەڕانـەوەم بـۆ تـاران کـڕی و تـا کـاتژمێر دەی شـەو بـە بـازاڕ و پاساژەکانی شاهڕوودا گەڕام. کاتژمێر چواری پێش بانگی بەیانی گەیشتمە تاران. تا وێستگەی ئوتووبووسەکانی خەتـی شـاری بـە

پێیان هاتم. شار بێ‌دەنگ و ئارام. نیو کاتژمێر بە پێیان هاتم . ئوتووبووسی خەتی شاری موسافیری سوار کردن. سوار بووم. ئەو ئووتووبووسانە BRT یان پێ دەڵێن. لەمپەڕی شارەوە بۆ ئەو پەڕ. لە ڕۆژهەڵاتی تارانەوە بۆ ڕۆژئاوا. ئەوی بەو بەیانیە زووە لەو ئوتووبووسەدا بوون هەموو خەڵکی فەقیر و هەژار، کە دەچوونەوە سەر کارەکانیان. گوتم ئێستا خەڵکی خودا پێداو لە شیرینی خەودان و ئەمانە بۆ پاروەنانێک شەویان گرتووە بە کۆڵەوە و لە ماڵ هاتوونە دەرێ. زۆر زگم پێیان سووتا. هەموو ڕەش و رووت و نەدار.

زۆر جاران تا ئێستا چوومەتە شاری تەورێز، بەڵام چوونی ئەمجار لەگەڵ جارەکانی پێشوو جیاواز بوو. ئەمجار بە مەبەستی دیتنی ئاسەواری مێژوویی، فەرهەنگی و ئەدەبی و موزەکان چووم. ماڵی کوڕەکەم لە تەورێزە و بۆ حەسانەوەش گیر و گرفتم نەبوو. تەنیا نیگەرانیەک کە هەمبوو، گەڕان بە هەموو ئەو شوێنانەدا، ئەویش بە پیادە و بەو هاوینەسوورە، هاسان نییە. لە پێش دا، گوتم دەبێ بچمە رێکخراوی میراسی فەرهەنگی و گەشتیاری و لیستەی هەموو ئەو شوێنانە و ئادرێس و ناونیشانەکانیان وەرگرم، جا ئەو دەم پێیاندا بگەڕێم.

سەر لەبەیانی یەکەم ڕۆژ، چوومە گەردشگەری، ئەو ئیدارە لە ماڵێکدایە بە نێوی خانووی حەیدەرزادە، خانووی حەیدەرزادە

ماڵێکی قەدیمی فرەجوانە کە لە دەورەی قاجارەکانـدا بـە شـێوازی ئەو دەم سازکراوە، حەوشێکی گەورە حەوز و کانی تێدا کـە ئـاوی کانیەکە فەووارەی نێو حەوزەکەیە. خانووەکـەش دوو نهۆمـە، ژێـر زەوی و نهۆمی دوو. دەرکە و پەنجەرەی لەدار، کە وەستای دارتاش هونەرمەندانە سازی کردوون. وەتاقەکانی ژێـر زەویەکـە یـەک لـە یەک خۆشتر، ڕووناک و فێنک. حەوز و ئاوێک لە وەتاقەکاندا، کە ئاوی ئەو حەوزەش کانیاوی سروشتیە. حەوشـێکی گـەورەش لـە پشتەوە. ئەو خانووە لە بـاکوور و باشـوورەوە ڕۆشـنایی بـۆ هەیـە. نهۆمی سەرەوەش بە چەنـد پلیکـان دەچێتـە ژووریٚ مەحجـەری وەستایانەی بە دار بۆ ساز کراوە کە مـرۆڤ مـەتحـی ئـەو هـەموو جوانکاریە دەبیٚ. وەتاق‌گەلی گەورە و جوان. هۆدەی هەر کـام لـە کارمەندانی ئەو ئیدارەیە، نێوی کارمەندەکـەی لەسـەر نووسـراوە. ئاغـای حەسـەنزادە بەرپرسـی گەشـتیاریە. چوومـە ژووریٚ. زۆر بەخێری هێنام. مەبەستەکەم پیٚ‌گـوت. گـوتی کـاتێکی زۆر بـاش هاتووی. ئاگاداریمان بە شار دا بڵاو کردۆتەوە. سەرانسـەری ئـەم هاوینە بە چەنـد ئوتووبـووس لـە چەنـد شـوێنی دیـاری کـراوی شارەوە گەشتیاران و میوانان بەو شـوێنە مێژوویـی و کلتووریانـەدا دەگێڕین. بەیانان لە کاتژمێر دەوە تا دوو. ئێوارانیش کاتژمێر پێـنج تا نۆ. ئەو خەبەرەم پیٚ خۆش بوو. کـاری مـن هاسـان بـۆوە. جـا ئەوجار برووشوور و سـی‌دی هـەموو ئـەو شـوێنانەو لیسـتەکەی

دامێ. دوای ماڵاوایی لە ئاغای حەسەنزادە، پێش لە کاتژمێری دیاریکرا، زەنگم لێدا سامانیش هات. کاتژمێر دەی تەواو ڕێکەوتین. هەر ئۆتووبووسە و ڕێنوێنێکی لەگەڵ بوو. کە شوێنەکانی بۆ ڕاڤە دەکرین. بە لای بورجێکی قەدیمیدا ڕەت بووین گوتی ئەم بورجە بورجی ئاگرکوژاندنەوەیە کە ٢٣ میتر بەرزە و بیناکەی ئی دەورەی قاجارەکانە. لە سەر ئەو بورجەوە چاودێر چاوی لە هەموو شار بووە کە ئەگەر لە هەر شوێنێکی شار ماڵێک ئاگری گرتبا بە ماشێنی ئاگر کوژاندنەوە فریای دەکەوتن. ماشێنەکانیش هەر لە حەوشی ئەو شوێنە وەک ئاسەوار مابوونەوە و پارێزراون. چۆمێک بە نێوەڕاستی شاردا دەڕوا کە پێشتر پڕ ئاو بووە. بەڵام ئێستا ئاوی کەمە، بە نێوی چۆمی میهران. چەند پردی کۆن و تازەی لەسەر هەڵبەستراوە. کۆنترینیان پردێکی بەردینە، کە بەپردی پیرێژن مەشهوورە، گۆیا پیرێژنێک خەرجی سەفەری حەجی خۆی بۆ سازکردنی ئەو پردە تەرخان کردووە. پردەکە بە مێعماری قەدیم زۆرجوان سازکراوە کە پیاو حەز دەکا تێرتێر سەیری بکات. تەختی چۆمەکەش ئێستا بەردکاری کراوە کە دیمەنێکی زۆر جوانی بە شاری تەورێز بەخشیوە. یەکەم شوێنی دیارکراو و بۆ دیتن ماڵی شاعیری ناسراوی تەورێزی خوالێخۆشبوو خانم پەروین ئیعتیسامی بوو. کە چووینە ژووری پەیکەرەی پەروین خانم بەخێر هاتنی کردین. حەوشێکی گەورە

حەوز و ئاوێکی خۆش. ئەویش وەک ماڵی حەیدەرزادە بیناکـەی ئی دەورەی قاجارە. دوو نهۆم، دیوانی پیرۆزی پـەروین خـانم لـە ویترین‌دا و وێنەی جوان‌جوان بە دیوارەکانەوە. پەروین تا تەمـەنی ٨ ساڵان لەو ماڵەدا بووە وپاشان بۆ تاران کۆچیان کردووە. پەروین خانم سی و چوار ساڵ ژیاوە و گڵکۆی پیرۆزی ئێستا لـە شـاری قومە. لە پەروین خانم و ماڵەجوانەکەی ماڵاواییمان کرد و عەتر و بەرامـەی گوڵـە بـۆن خۆشـەکانی حەوشـەکەیمان لەگـەڵ خـۆ هـەڵگرت و بـەرەو مـووزەی قاجـاڕ وەڕێکـەوتین. گەشـتیار و میوانـەکان لـە زۆر شـاری ئێرانـەوە هـاتبوون. شـیراز، هەمـەدان، ئەردەبیل، مەهاباد، ئیسفەهان و زۆر شوێنی تر.

مووزەی قاجار ماڵی ئەمیر نیزامی گەڕووسی بووە. ئەمیر نیـزام بریکاری موزەففەرەددین شای قاجار بووە. ئەو مووزەیە ئاسەواری زۆر تێدان. پووڵی قەدیم، چـەکی جۆراوجـۆری ئـەو سـەردەمـە. پەیکەرەی جـوان و پارچـەی ڕازاوە بـە نـەخش و نیگـاری جۆراوجۆر، کاسە و کەویلەی دەسکاری هونەرمەندانی تەورێزی، تابلۆی نیگارکێشەکان و زۆر شتی تـر. پـاش دیتنـی مـاڵی ئـەمیر نیزامی گەڕووسی بەرەو مـاڵی ئوسـتاد شـاریار ڕێکـەوتین. مـاڵی شاریاریش بیناکەی وەک ماڵەکانی پێشوو، بـەڵام گچکەڵـە. دوو وەتـاق و داڵانێـک. هـەموو کتێبـەکانی شـاریار لـە ویترینـدا، کتێبخانەکەی خۆشی هەر وەک خـۆی چـۆنی چنیـون ماوەتـەوە.

ژووری خوێندنەوە و نووسین و خەوتنەکەی هەر یـەکن. قەڵـەم و قەڵەمــدان و جەوهــەر و مەرەکەبەکــەی، لێفــە و دۆشــەکە و سەرینەکەی بۆ یادگار وەک سەردەمی خـۆی دانـراون. پەیکـەرەی شاریار لە یەکێک لە ژوورەکاندایە. لە ماڵی ئوسـتاد شـاریار هـەر یەکە و سی‌دییەکیان لە دەنگی ئوستاد داینێ کە بە زمانی شـیرینی ئـازەری شـێعری حەیـدەر باباکـەی خـۆی خوێندۆتـەوە. پـاش ماڵاوایی لـە شـاریار، چووینـەوە بـەر ئیـدارەی گـەردشـگەری و بڵاوەمان کرد. ئێوارە کاتژمێر پێنج، هەمیسان خڕ بووینـەوە. سـێ شوێنی‌تر بۆ ئەو پاش نیوەڕۆیە دە نەزەرگیرا بوو. لە پێشدا چووینـە مووزەی شار، لـە سـاختومانی شـارەداری. سـاختومانەکە کـاری ئاڵمانییەکانە کە نمای دەرەوەی بە شێوەی هـەڵۆ، بـاڵی کردۆتـەوە ساز کراوە. سێ نهۆمە، ژێر زەوییەکە کراوەتـە مـووزە. لـە پـێش دا پەیکەرەی یەکەم شارەداری تەورێز کە بە پێـوە ڕاوەسـتاوە بـەرچاو دەکـەوێ. سـاڵۆنێکی دوور و درێـژ و هـۆدەی زۆر لـەملاولای. هـەموو ئاسـەواری کـۆن و قـەدیمی، ماکێـت گـەلـی جـوان لـە کارەکانی شارەداری ئـەو سـەردەمە. بـۆ وێنـە زبـڵ خڕکردنـەوەی شارەداری لە سەرانسەری شارا. تابلۆی گەروەگەورە. ئەو شـتانەی لە شارەداری ئەو دەمدا بوون وەک شتی کارمەندەکانی شارەداری. مووزەی دووربین لە هەموو جۆرەکانی، مووزەی خۆشنووسـی لـە دەسخەتی خوشنووسانی شار. نهـۆمی سـەرێ مـووزەی فەڕشـی

تەورێز، کاری هونەرمەندانی بە توانای تەورێزی. فەرشێکی زۆرگەورە بە پانایی و درێژایی ۷۰۰۰ × ۱۵۸۰ سانتیمەتر کە دەبێتە ۱۱۱ مەتری چوارگۆش. فەڕشی تریش بەدەوریدا بە هەڵواسراوی. پیاو تێر تەماشایان نابێ. لە حەوشەی شارەداری ماشێنە قەدیمییەکان وەک ئاسەوار دانراون. دار و باخچە و گوڵیش حەوشەکەی ڕازاندۆتەوە. لە نێزیک موزەی شارەداری، چووینە مووزەی سەنجش هەرچی کەرستەی پێوانە لێیەتی، تەرازوو، قەپان، دەماسەنج، تلسکۆپی قەدیمی، هەموو جۆر کاتژمێری دەستی و تاقچەیی و زۆر شتی تر کە هەر پێوەندییان بە پێوانەوە هەیە. لایەکی تر لەو مووزە، حوجرەی دووکاندارەکانی قەدیمی تەورێزن. دووکاندارەکان سەرقاڵی شت فرۆشتنن کە وەستایانە ساز کراون. ماشێنی سادەی جووجەکەشی و ماشێن گەلی حسێب. ئێوارە چووینە شیرینی خانەیەکی تەورێز، لە شیرینی ئەو شارەمان کڕی. ڕۆژی دوایی سەر لە بەیانیەکەی چووینە مووزەی ئازەربایجان. ئەو مووزەیە ساڵی ۱۳۴۱ دامەزراوە. لە پەنا مزگەوتی کەوو (مسجد کبود) سێ نهۆمە هەر نهۆمە و ساڵۆنێکی گەورە و دوور و درێژ ۳۰۰۰ مەتری چوارگۆشەیە. نهۆمێکیان تالاری کەوناراناسییە. قەرەپووڵ و متوومووری قەدیمی کە لە ویتریندان. نهۆمێکیان پیشانگای پەیکەرەکانی هونەرمەند ئاغای ئەحەدی حوسەینییە کە هەموو باس لە ڕەنج و مەینەتی خەڵک بە تایبەت

خەڵکی هەژاردەکا. نهۆمێکیشیان ئاسەواری مێژوویی ناوچەکانی ئێرانن، وەک ئی مەراغە. گێڵان، شیراز، ئیلام، ئەردەبیل و زۆر شوێنی تر.

لە پاشان چووینە مزگەوتی کەوو کە ئەویش لە پەنامووزەی ئازەربایجانە. ئەو مزگەوتە بە کاشی پیرۆزەیی ڕازاوەتەوە ٥٦٠ ساڵ لەوە پێش لە دەورەی قەرەقویوونلووەکاندا بە فەرمانی جەهانشا سازکراوە. ٢٣٠ ساڵ پێشتر بە بوومە لەرزە ڕووخاوە. بەڵام نهۆمێکی ماوەتەوە. قەبری جەهانشا و هاوسەرەکەی لە شەبستانەکەیدا بووە کە ڕایانگوێستوون. پاش زەلزەلەی تەورێز کە هەموو شار ڕووخاوە، زۆربەی خەڵکی شار تێدا چوون، تا ١٨٠ ساڵ کەس لەو مزگەوتەی نەپرسیوە و وەک شوێنە ڕووخاوێک ماوەتەوە. لە سەردەمی قاجارەکاندا تالان کراوە و دەرک و دەروازەی براون. نزیکەی ٦٠ ساڵ لەوە پێش هەمیسان نۆژەن کراوەتەوە. ئێستاش کاری لێ دەکەن. ئەو مزگەوتە هونەری میعماری زۆر بەنرخە. نێوەوە و دەرەوەی بە کاشی کەوو ڕازاوەتەوە. چەند ساڵ لەوە پێش لە پەنا مزگەوتی کەوو، ویستوویانە پاساژێک دروست بکەن. کرێکارەکان لە خەندەک دانەوەدا تووشی پێشە و ئێسقانی مردووان بوون کە ڕێکخراوی میراسی فەرهەنگی زانیویە، هەمووی داوەتەوە، دیتوویە ئەو شوێنە گۆڕستانێکی زۆرەکە ئی ٣٥٠٠ ساڵ لەوە پێشە، مردووەکان بە

نەخۆشی واگیر (پەتا) مردوون و گۆیا زۆربەیان تەنگە نەفەسی کوشتوونی. ئێستا بۆ دیتنی خەڵک لە بن شووشەدا وەک خۆیان دانراون کە ئەو گۆڕستانە دەری دەخا تەورێز مێژووی ٣٥٠٠ ساڵەی هەیە. پاش دیتنی ئەو شوێنانە چووینە ماڵی مەشرووتە. ئەویش لە نێزیکی بازاڕی قەدیمی تەورێزە، ماڵێکی وەک ماڵەکانی تر. ژێر زەوی و نهۆمی دوو. لە حەوشی ماڵەکە پەیکەرەی سەتتارخان و باقرخان بە تفەنگەکانیانەوە دانراون. لە ژوورەوەش پەیکەرەی زۆر لە هاوخەباتەکانی ئەوان ساز کراون. وێنەی زۆری ئەو سەردەمە. ژنان وپیاوان، چەک و ئەسڵەحەکانیان لە ویترینداں. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی مەشرووتەخوازی. وێنە و شێعری شاعیرە خەباتکارەکانی ئەو سەردەمە، وەک میرزادەی عیشقی، ئیرەج میرزا و فەڕڕوخی یەزدی. ئەو ماڵە شوێنی کۆبوونەوەی مەشرووتەخوازان بووە. پەیکەرەی زێنەب پاشا یەکێک لە ژنانی ئازادیخواز و خەباتکار. هونەرمەندانی فەڕشچن، وێنەی ئەو خەباتکارانەیان بە فەڕش چنیون. ڕۆژی دوایی چووینە بازاڕی قەدیمی تەورێز. بازاڕێکی زۆر گەورە. سەرای جوانجوان. ئێستا ناوەندی ئابووری تەورێزە کە لە ڕاستیدا بۆ خۆی بە تەنێ شارێکە. لە دیتنی بازاڕی گەورەی تەورێز گەڕاینەوە. چووینە مەقبەرەی شوعەرا و سەر گڵکۆی شاعیری گەورەی تەورێزی مامۆستا شەهریار. ئەو گۆڕستانە

دەڵـێن ٤٧٠ شـاعیری کـۆنی لـێ نێـژراوە. وەک خاقـانی و زۆر کەسی‌تر، کە ئەویش بە بوومەلەرزەی توندی تەورێز تێک ڕمیـاوە. بینایەکی جوان بە وێنەی کتێب لە سەر گۆڕستانەکە ساز کراوە کـە ئارامگەی شاریار لە ژێر ئەو بینادایە. لە پـاڵ مەقبـەرەی شـوعەرا، مووزەی ئاساری ئوستاد بێهتوونی هونەرمەندی تەورێزی کە ئێستا لە حاڵی حەیاتدایە سەرنجی هەموان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەو هونەرمەندە هەموو میوەکـان و خۆراکـەکان و زۆر شـتی دیکـەی وەک خۆیان بە گێچ و سیمان دروسـت کـردوون کـە پیـاو لێیـان دەڕوانێ پێی وایە بەڕاستین.

پاش مەقبەرەی شوعەرا چووینە پارکی شاگۆلی. پارکی گەورەی تەورێز. ئەو پارکە گۆلێکی زۆر گەورەی تێدایـە کـە وەک زەریاچـە دەچێ. هەر بۆیـە بـەو پارکـە دەڵـێن. شـاگۆلی. لـە تابلۆکـەشـی نووسراوە کە مـەبەسـت لـە شـاگۆلی گـۆلاوی گەورەیـە. شـاری یاریشی بۆ منداڵان لێیەکە هەموو کەرستەیەکی یاریکردنی تێدایە. لەوێوە هاتینـەوە بـۆ بەردەرکـەی زانکـۆی مێعمـاری کـە ئـەویش بینایەکی قەدیمی و ڕازاوەیە.

ئێوارەکەی چووینە تێلێکابین. یەکەمجار بوو سواری تێلێکابین دەبووم. هەندێک دەترسام. ئاخر پیاو دەباتە عاسمان و لەو سەرەوە چـاوت لـە هـەموو شـاری تـەورێـزە. لـە سـەر شـاخە بەرزەکـە زیارەتگەیەکی لێیە بەنێوی عـەونی بنـی عـەلـی کـە زۆر جـوان و

ڕازاوەیە. پاش دیتنی ئەو شوێنە بە تێلێکابینەکە هاتینەوە خوارێ.

تەورێز مزگەوتی قەدیمی زۆری هەیـە کـە ئەوانیشـمان دیـتن. وەک مزگەوتی جامیعە، مزگەوتی ٦٣ ستوون، مزگـەوتی حـاجی سەفەرعەلی، مزگەوتی وەستا و شاگرد و زۆر مزگەوتی تر.

لە ڕاستیدا شاری تەورێز هەر زۆرینەی خانووەکـانی ناوەنـدی شار، ئاسەواری مێژوویی و هونەرین.

ڕێگەم بۆ نێزیك ببۆوە. حەزم کرد شاری ئەردەبیلیش ببینم. لـە تەورێزەوە تا ئەردەبیل سێ کاتژمێر ڕێگایە بە ئوتووبووس. سەر لە بەیانی ڕۆژی دوایی چوومە تێرمینالّی تەورێز. ماشـێنی ئـەردەبیل ئامادەی ڕۆیین بوو. بلّیتم کڕی و سـوار بـووم. شـاری ئـەردەبیل، پێشتر یەکێك لە شـارەکانی پارێزگـەی ئازەربایجـانی ڕۆژهـەڵات بوو. ئێستا بۆ خۆی ناوەنـدی پارێزگـای ئەردەبیلـە و پارێزگایـەکی گەورەیە و شاروگوندی زۆری هەن.

ئێمە بەسەر شارەکانی تاکسـتان، سـەراب، نیـر و سـەرعەین دا ڕۆیشتین. لـە نێزیـك سـەرعەین ئوتووبووسـەکە پـەکی کـەوت. شۆفیر و کۆمەگەکەی پێیان چا نەکرا. هەموو موسـافیرەکان هاتینـە خوارێ. شۆفیرەکە زەنگی لێدا، لـە سـەرابەوە ئوتووبووسـێکی تـر هات. تـا هـاتنی ئـەو ئوتووبووسـە نیـو کـاتژمێری خایانـد. ئـەو مەڵبەنـدە شـوێنێکی زۆر خۆشـە. لـە دوورەوە چـاوم لـە شـاخی سەبەلان بوو، کە بەو ئاخر و ئۆخری هاوینـە هێشـتا بـەفری پێـوە

مابوو. ئوتووبووسەکە گەیشت. ئێمەی سوار کرد. لـەوە دوا قـەراغ جادەکــە هــەموو خــەڵك چادریــان هەڵــدابوو هــەنگووینیان دەفرۆشت. دەکرێ بڵێم سەدان هەنگوینفرۆش لە قەراغ ئەو جادە هەنگوین دەفرۆشن. هەنگوینی پارێزگەی ئەردەبیل بـە ناویەیـە و لە چاو شارەکانی تر هەرزانترە. لە سـەرعەین چەنـد موسـافیرێك دابـەزین. سـەرعەین شـوێنێکی گەشـتیاریە کـە ئـاوی گـەرمی سروشتی لێیە و خەڵك دەچن لەوێ لەو ئاوەدا مەلە دەکەن، گۆیـا بـۆ لـەش سـاخی باشـە. کـاتژمێر یـەك بووگەیشـتینە نێوشـاری ئـەردەبیل. وەك هـەموو شـارەکان بـە تاکسـی لـە پێشـا چوومـە ڕێکخــراوی میراســی فەرهــەنگی و نەخشــە و برووشــوور و سـی‌دی‌یان دامـێ. پاشـان چوومـە بـازاڕی تەسبێحفرۆشـەکان. بـازاڕی تەسـبێحفرۆش لـەوێ زۆر گەرمـە. هەنـدێك تەسـبێحم فرۆشــتن. نــانی نیــوەڕۆم خــوارد و هــەواڵی خانــەقای شـێخ سەفیەددینی ئەردەبیلیم پرسی. ئەو خانەقایە لە ناوەندی شارە. هەر بە پێیان چووم. خانەقای شـێخ سـەفیەددینی ئـەردەبیلی بینایـەکی قەدیمیە کە ئـەویش بەخشـتی سـوور سـازکراوە. دەچیتـە ژووری حەوشێکی گەورەی پڕ لە گوڵ و دار و درەخت. چەن داری گـوێز لــە حەوشــەکەدا گوێزیــان لــێ وەریبــوو، خــەڵکی گەشــتیار دەیانخواردن، ئەمنیش گوێزێك لەو گوێزانەم شـکاند و خـواردم. قــەبری شـێخ ســەفیەددین و کــوڕ و کــوڕەزا و بنەماڵەکــەی لــە

ژوورێکی ئەلاحیدە دایە و دەرکەکەی مەحجەری ئاسنە و داخراوە. گەشتیار لە پشت مەحجەریەکەوە چاوی لێ دەکەن. لە سەر ئەو قەبرانە سندووق‌گەلێک لە چێو کە بە نەخش و نیگاری هونەرمەندانی کۆن دروست کراون داندراوە. ئەو خانەقایە وەتاق وەتاقە و لەو وەتاقانەدا شتی قەدیمیش داندراون. پاڵتاوی شێخ لە ویترینێک دا دانراوە کە زۆر گەورەیە، بەوەدا دەر دەکەوێ کە شێخ سەفیەددین پیاوێکی چوارشانە و بەخۆوە بووە. دوکتۆر عەبدولحوسەینی زەڕڕین‌کووب لێکۆڵەری بەناو بانگ لە کتێبی «جستجو در تصوّف ایران»دا بە خەستی باسی شێخ سەفیەددینی کردووە. وەچەی ئەو، حکوومەتی سەفەویەکانیان لە ئێراندا دامەزراند. ئەو خانەقایە پێش فەوتی شێخ، شوێنی ئیرشاد بووە و پاش مردنی شێخ سەفیەددین کراوەتە گۆڕستان. دەوری گومبەزەکە حەوشێکی گەورەیە کە هەموو قەبری کۆنن. ئەم قەبرانە هەر یەکە و بەردێکی چوارپاڵووی درێژیان لەسەرە، کە نێوو نێوبانگی خاوەنی قەبرەکەی لەسەر نووسراوە. هەڵبەت بەفر و باران زۆری شۆردوونەتەوە و ئەو نووسراوانە ناخوێندرێنەوە. بەڵام هی هەندێکیان لە تابلۆدا نووسراون و بە دیواری حەوشەکەوە هەڵیان واسیون. لایەکی ئەو حەوشە گۆڕستانێکە لێی نووسراوە، گڵکۆی شەهیدانی شەڕی چاڵدۆڕان. شەڕی چاڵدۆڕان شەڕی نێوان شا ئیسماعیلی سەفەوی و سوڵتان سەلیمی عوسمانی بووە کە لە

ساڵی ٨٩٣ی هەتاویدا ڕووی داوە و زۆر کەسان لەو شەڕەدا کوژراون. پاش دیتنی ئەو ئاسەوارە بە شاردا گەڕام. بازاڕی مێژوویی ئەردەبیل بەخشتی سوور و سەرداپۆشراوە. کارە دەستیەکانی ئەو شارە جاجم و جانتا و شتی وان. پاشان چوومە مووزەی مەردمناسی. داب و نەریت و ڕەسم و یاسای ئەو شارە و شار و گوندەکانی ئەو پارێزگایە لەو مووزەدان. بە گشتی شاری ئەردەبیل شارێکی خۆش و خۆش‌ئاو و هەوایە.

جار و بار کە کتێبێکی تازەم لە چاپ دێتە دەرێ، بۆ بڵاوکردنەوەی، شار بە شار دەگەڕێم، کە باسی ئەوەش گێڕانەوەی خۆشە. هەر نەبێ بڵاوکردنەوەی کتێبەکانم بە شارەکاندا بۆتە هۆی ئەوەی لە نێزیکەوە شار و شارۆچکەکان ببینم و لەگەڵ زۆر کەسان لەو شارانەدا ئاشنا بم. چەن ڕۆژ لەوە پێش بیست و یەکەمین کتێبم بۆ منداڵان لە چاپ هاتەدەرێ. یاڵڵا بۆ بڵاوکردنەوەی بە کتێب فرۆشی شار و شارۆچکەکاندا. هەر چەن بڵاوکردنەوەی کتێب ئەرکی ناوەندێکی بڵاوکەرەوەیە، بەڵام چونکە هێشتا لە شارەکانی ئێمە ناوەندێکی وا بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب دانەنراوە ناچار دەبێ نووسەرەکان بۆ خۆیان ئەو ئەرکە وە ئەستۆ بگرن. هیوادارم کەسانێک پەیدا بن و ناوەندگەلێکی بڵاوکردنەوەی کتێب وەرێ خەن. کتێبەکانی پێشووم هەر بە تەنێ بڵاو دەکردنەوە. بەڵام ئەمجار دەگەڵ دۆستێکی خۆشەویست کە

ئەویش کتێبی تازەی لە چاپ دابوو پێکەوە ملی ڕێگەمان گـرت و وەڕێکەوتین. کتێب فرۆشەکان لە هەموو شارەکاندا بەیانان درەنگ دێنە دووکان، کە بۆ نەهاریش دەڕۆنەوە. پاش نوێژی عەسر دێنەوە دووکان، جا دەبێ وا ڕێک خرێ کـە ئـەو دەمانـەی بچـی کتێـب فرۆشەکان دووکانیان کردبێتەوە. دەنا دەبێ چەن کاتژمێر مەحتـەل بی تا دووکان دەکرێتەوە. پاش نیوەڕۆ لە سەقزەوە ڕووەو دیوانـدەره وە ڕێکەوتین. بانگی عەسر گەیشتینە شـاری دیوانـدەره. چووینـە مزگەوتی جامیعە نوێژمان کرد و پاشان کتێب بە دەست بە کتێـب فرۆشیەکاندا گەڕاین. کتێب فرۆشی وا هەیە بیست دانـەی دەوێ. ئی واش هەن، پەنجا دانە و زۆرتر گل دەدەنـەوە. دوو کـاتژمێر لـە دیواندەره بووین و بەرەو سنە ڕێمان داگرت. نزیکە و بانگی شێوان بوو کتێبمان بە کتێب فرۆشیەکانی سنەش دا بڵاو کردەوە و لەگەڵ زۆر دۆستانی سنەیی دیدارمان تازە کردەوە. ئـەو کتێـب فرۆشـانە هەموو دەمناسن چونکە ئەمن بۆ خۆم نزیکەی بیست سـاڵ دەبـێ کە کتێبیان بۆ دەبەم. پاش نوێژی شێوان بەرەو کامیاران ڕێکـەوتین لە کامیاران چووینە خانەی موعەللیم، بەڵام کرێی خەوتن لـەوێ زۆر گران بـوو ناچـار چووینـە پـارکی ڕێبـوار و شـەو لـەو پارکـە خەوتین. بەیانی هەستاین، دیسـان کتێـب بـە دەسـت بـە کتێـب فرۆشیەکاندا گەڕاین و کتێبمـان بـڵاو کـردەوە. گیرێکـی دیکـەی بڵاوکردنەوەی کتێب لـەو شـارانە ئەوەیـە کـە زۆر جـاران خـاوەن

دووکان بۆ خۆی لە دووکان نییە و کەسێکی تری داناوە. ئەو کەسە دەڵێ من بێ‌ئیجازەی خاوەن دووکان ناتوانم کتێب بکڕم. کە دەبێ ڕاوەستێین تا خاوەن دووکان دێتەوە. ئەوەش کاتمان زۆر لێ دەگرێ. تا نیوەڕۆ لە کامیاران کتێبمان بڵاو کردەوە و پاش نویژ بەرەو شاری ڕوانسەر ڕێکەوتین. لە پارکی سەراو کە پارکێکی فرە خۆشە نانی نیوەڕۆمان خوارد و تاوێک حەساینەوە. پاش حەسانەوە کتێب لە بن هەنگڵ بە شاردا گەڕاین. ئێوارە چووینە شاری جوانڕۆ. شاری جوانڕۆ بەڕاستی جوانە. پێش چوونە نێو شار، لە قەراخ جادە لاماندا و تێر سەیری دیمەنی جوانی شارمان کرد. کە هاتینە نێوشار بە کتێبفرۆشیەکانداگەڕاین. بڵاوکردنەوەی کتێب حوسنێکی دیکەشی هەیە کە لەگەڵ کتێبی ئەو شارانەش ئاشنا دەبی کە لە شاری خۆمان کەمن. لەوێ کتێبی مێژووی جوانڕۆمان کڕی. ئێتر بەرەو پاوە هاتین. تاریکان بوو کە گەیشتینە پاوە. ئاواییەکانی بەینی شارەکانیش بەڕاستی جوانن. دار گوێز چنگیان لێک ئاڵاندووە. پیاو حەز دەکا سەیریان بکات. باخی ڕەزیش بە قەد کێوەکانەوە کراسێکی سەوزیان لە بەر چیاکان کردووە. شاری پاوەش ماڵەکان لەسەر یەک دیمەنێکی فرە جوانیان پێک هێناوە. چرای ماڵەکان هەڵکرا بوو. پیاو نازانێ ئەو جوانیە زۆرە بەچی بشوبهێنێ. لە پارکێکی ئەو شارە لاماندا. شێومان خوارد. خەڵکی شار بۆ سەیران هاتبوون و منداڵان یاریان

دەکـرد. کـاتژمێر دوازدەی شـەو بـوو پـارک چـۆل بـوو، ئێمـەش نووستین. بەیانی لەوێش وەک شـارەکانیتر بـە شـاردا گـەڕاین و کتێبەکانمان بڵاو کردەوە. چووینە بازارچەی مەرزی شاری پاوە و هەندێک شـتمان کـڕی. دوای پـاوە بـەرەو کرماشـان هـاتین. لـە ڕێگەدا چووینە ئەشکەوتی قۆری قەڵا. شتێک کـە پێویسـتە بێـژم ئەوەیە کە ئێمە خانەنشینین و کارتی خانەنشینیمان پێیە و لە شوێنە مێژووییەکان و پێشانگاکان بلێت ناکڕین. بەڵام لە غـاری قـۆری قەڵا کابرا گوتی ئێرە بەخشی خوسووسیە و دەبێ پوڵ بدەن و بلێت بکـرن. سـەرم سـووڕما ئاسـەواری میللـی چـۆن ئـی بەخشـی خوسووسیە؟! بلێتمان کڕی و لە ئەشکەوتەکە دیتنمان کرد. دیسان بەرەو کرماشان هاتین. لـە کرماشـان ڕانەوەسـتاین و بـەرەو ئـیلام ڕۆیشتین. ژنەوتبووم جادەی ئـیلام خـۆش نییـە، بـەڵام وانـەبوو، جادەی هەموو چوار باندە و هـاتووچۆ زۆر هاسـان و خۆشـە. لـە پێش ئەوەی بگەینە ئیلام، چووینە شاری ئیسـلامئابادی ڕۆژئـاوا. ئەو شارە گچکەڵەیە، بەڵام زۆر خۆشە و خەڵکەکـەی وەک بـاقی شارەکان زۆر لە دڵ نێزیک و میواندارن. لـە کەبابخانەیـەک نـانی نیوەڕۆمان خوارد و لەگەڵ دۆستی زۆر خۆشەویستمان، شـاعیر و توێژەری ناسراوی ئەیوانی، کاک دوکتـور عـەلیڕەزا خـانی کـە تـا ئێستا چەند کتێبی نووسیون و مامۆستای زانکۆیـە بـە تەلـەیفوون قسەمان کرد. ماڵی لە شاری «ئەیوان»ـە. گـوتی دەبـێ شـەو بێنـە

ماڵی ئێمە.

لە ئیسلامئابادەوە بەرەو ئیلام هـاتین. لـە پێشـدا کـە گەیشـتینە شاری ئەیوان کاک عـەلیڕەزا خـانی بـەرەو پیرمـان هـات. چـاو و دڵمان بە دیداری ڕوون بۆوە. ئیزنمان لێ خواست بچینـە ئـیلام و پاشان بێینەوە بۆ ئەیوان، قەبووڵی کرد. ئیلام لە ئەیوانەوە نێزیکـە و هەر سی کیلۆمەترێک دەبێ. چووینـە ئـیلام. لـە نێـوان ئـەیوان و ئیلامدا شارۆچکەگەلی تێدان، ئەو مەڵبەندەش شاخەکانی هەموو لێڕەوارن و دیمەنی دڵڕفێنی هەیە. هەرچـەن درەنگـان بـوو بـەڵام فریـای چـەن کتێـب فرۆشـیەک کـەوتین. کتێـب فرۆشـەکان دەیانگوت کتێبی کـوردی بـە زاراوەی سـۆرانی بـۆ خـەڵکی ئێـرە ناخوێندرێتەوە. چون خەڵکی ئیلام ئەو زاراوە نازانن، بەڵام دیسان چەند کتێبێکیـان لـێ کـڕین. ڕاستیشـیان دەکـرد، مەگـەر کـەس گەلێک زەحمەتیان کێشابێ و خۆیان ڕاهێنابێ، دەنا هەموو کـەس لە ئیلام زاراوەی سـۆرانی نـازانێ. ئێمـەش چەنـد کتێبێکمـان بـە زاراوەی کەڵوڕی ئی نووسەرانی ئیلامی کڕین. لە بانگی خەوتنان لای دابوو گەڕاینەوە بۆ ئەیوان. کاک عەلیڕەزا خـانی چاوەڕوانمـان بـوو. چووینـە مـاڵی ئـەوان. کـاک عـەلیڕەزا و خێزانـی هـەرکیان مامۆسـتای زانکـۆن. کـاک عـەلیڕەزا کتێبـی «شـاکە و خـان مەنسوور»ی نووسیوە و لە چاپ دراوە. شـاکە و خـان مەنسـوور دوو شاعیری کۆنی ئەو ناوچەیەن کە کاک عەلیڕەزا شێعرەکانی ئەو

دوو شاعیرەی ڕاڤـەکردوون. کتێبێکـی چەنـد بەرگیشـی لـە سـەر مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوە کـە هێشـتا لـە چـاپ نـەدراوە و خێزانیشی کتێبی نووسـیوە و ئـەویش ئامـادەی چاپـە. ئـەو شـەوە زۆرمان باس لە ئەدەب و ئەدەبیات کرد. بەڵام بەو هۆیەوە کە زۆر ماندووی ڕێگا بووین لە قسەکانی کاک عەلیڕەزا تێرمان نەخوارد و خەوتین. بەیانی بەرەو کرماشان هاتینـەوە. لـە کرماشـان چووینـە تاقەوسان و نـانی نیوەڕۆمـان لـەوێ خـوارد. لـە پـەنا پەیکـەرەی شەبدیز و خوسرەو پەرویزی سەرپشتی وێنەمان هاویشت. چەن. کتێب و سی‌دی‌مان لە شوێنە گەشتیارییەکانی کرماشـان کـڕین و بەرەو کامیاران هاتینەوە. لە ڕێدا زۆرم حەز لێ بوو بچینـەوە سـەر مەزاری پیرۆزی حـەزرەتی وەیـس، بـەڵام کـە پرسـیمان گوتیـان زۆری لێ ڕەت بوون و بەجێتان هێشتووە. دامانتا بۆ جارێکی تـر، ئیشەڵڵا بچینـەوە زیـارەتی ئـەو خۆشەویسـتە. هێشـتا ڕۆژی زۆر مابوو کە گەیشتینە کامیاران. هەر بۆیە بەرەو ئاوایی پاڵنگان ڕێمان گرتە بەر. لە نێزیـک ئـاوایی پاڵنگـان چووینـە زیـارەتی گڵکـۆی حەزرەتی عەککاشە کـە یـەکێ لـە یـارانی پێغەمبـەر بـووە. پـاش زیـارەت چووینـە ئـاوایی پاڵنگـان. بـە پـێ پلیکانەکانـدا هاتینـە خوارێ، سەد و پـەنجا پلیکـانی تـەواوە تـا دەگاتـە سـەر چـۆمی سیروان. ئەوێ سەرچاوەی چۆمی سیروانە لەو شوێنە پەروەرشـی ماسی گەورەی لێیە.

لە سەر سیروان تاوێ وچانمان دا و لە کتێبەکانمان بە دیاری دان بە منداڵەکانی پاڵنگان و گەڕاینەوە بۆ کامیاران. بانگی خەوتنان بوو هاتینە کامیاران و هەر لەو پارکەی ئەو جار پارکی ڕێبوار، لاماندا. شێومان خواد. فەلاسکی چامان پێ بوو. لەو سەفەرەدا زوو زوو ئاوەکوڵمان دەکڕی و چامان دەم دەکرد. پاش خواردنی چا. لەو پارکە خەوتین. بەیانی دیسان بەرەو سنە هاتین. لە سنە ڕانەوەستاین و بەرەو مەریوان چووین. لە ڕێگە چووینە زیارەتی قورئانەکەی نگڵ. پاش زیارەتی قورئانی پیرۆز بەرەو مەریوان هاتین. لە پێش دا چووینە شارە خنجیلانەکەی سەوڵاوا، بەڕاستی شارێکی ئارام و خۆش و دلگیرە. لەوێش کتێبمان فرۆشتن. هەرچەن شارەکە چکۆڵەیە بەڵام زۆر کتێبیان لێمان کڕی. لەوێوە بەرەو مەریوان هاتین مەڵبەندێکی سەرتا پا سەوز و جوان. کە گەیشتینە مەریوان دووکانەکان داخرابوون تا کرانەوەی دووکانەکان چووینە سەر زرێوار. شەش ڕۆژ بوو خۆمان نەشوشتبوو. لە زرێوار پاک و خاوێن خۆمان شۆرد و حەساینەوە و هاتینەوە نێو شار. تا نەهارمان خوارد دووکانەکان کرانەوە. کتێب فرۆش، بگرە و هاتین، لەوێش زۆرمان کتێب فرۆشتن و زۆر کتێبیشمان کڕین و نزیکەی بانکی شێوان بوو لە جادەی سەرشیوەوە بەرەو سەقز هاتینەوە. جادەی نیوە خاکی سەقز ـ مەریوان هەندێک ناخۆشە، بەڵام چ کەردەن بە سەبر و حەوسەلە

و لەسەرە خۆ ڕێگامان پێوا. بۆ کاتژمێر یەک و نیوی شەو گەیشتینە شاری خۆمان. ئەوەش بێژم کە پێش ئەم سەفەرە بۆ شارەکانی بۆکان، مەهاباد، نەغەدە، شنۆ، پیرانشار، سەردەشت وبانەش چووبووین. ئێستا، دوو شاری تیکاب و ساینقەڵا ماون کە ئیشەڵڵا ئەو دوو شارەش دەچین. هەر وەک پێشتر گوتم بە هیوام ناوەندگەلێک بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب لە شارەکانی ئێمەش دامەزرێن تا ئەرکی سەرشانی نووسەران کەم بێتەوە. ئیشەڵڵا. باسی سەفەر بۆ شاری بۆکان. منداڵ بووم. لەگەڵ بابم هاتینە سەر حەوزە گەورە. خەڵکی زۆری لێ بوون. ژن، پیاو، منداڵ. ژنان جلیان دەشوشت. قاڵیان دەشوشت. قاپ و قاچاغیان دەشوشت. منداڵان بە ئاو یاریان دەکرد. ئاوی حەوزەگەورە هێند زۆر بوو قاناوی خەیابانەکەی پڕ کرد بوو، بە خوڕ دەڕۆیشت. ئاوێکی ڕۆشن وەک چاوی قرژاڵ. مزگەوتی جامیعە لە تەنیشت حەوزە گەورە. قەڵای سەردار! ئێستا هەموو گۆڕاون. حەوزە گەورە سەری پۆشراوە، قەڵای سەردار کراوەتە پاساژ و هەر نێوەکەی ماوە. بە یادی منداڵی دەمەوێ بە شاردا بگەڕێم. گومبەزی سەردار لە پارکی میللەت.[1] سەردار محەممەد حوسێنخان و چەند کەسی دی لە بنەماڵەکەیان و چەند گەورە پیاو و شێرەژن لەژێر ئەو گومبەزەدا، بۆ هەتاهەتا نووستوون. گومبەزی سەردار و

---

١ـ گلکۆی سەردار عەزیزخانی موکری لە مقبرةالشعرای شاری تەورێزە.

ئەستوونەکانی بیرەوەری زۆرم وەبیر دێننەوە. پارکی میللەت پارکێکی جوان و ڕازاوەیە. تاوێک لەسەر کەتێک لە کەتەکان دادەنیشم. ناڵەشکێنە چاوی لێمە. وەک بڵێ پیربووی! سەرچاوەی ئاوی حەوزە گەورە لەبن ناڵەشکێنەوە هەڵدەقوڵێ. منداڵان لە پارکەکەدا، یاری دەکەن. هێند مژووڵی یاری خۆیانن دەڵێی هەموو دنیا هەر ئەو یاریەی ئەوانە. هەر بە یادی منداڵی دەچمە میراوا. ئەو دەم پێیان دەکوت باغی میراوا. ڕۆژانی هەینی خەڵک بۆ سەیران دەچوونە ئەو باغە. ئێمەش لە سەقزەوە دەهاتین. ئێستا بۆتە شار. لە میراواوە بە تاکسی چوومە «حەمامیان». خانووەکان هەندێکیان وەک خۆیانن. خانووی تازەش سازکراون. مزگەوتە پیرەکەی «حەمامیان» کە پێی دەڵێن مزگەوتی جامیعەی حەمامیان و گومبەزە جوانەکەی کە بەخشتی چوارگۆشی سوور سازکراوە هەر وەک خۆیەتی. دەچمە ژووریٚ. یادی منداڵیم لە دڵدا زیندوو دەبێتەوە. دەگەڵ بابم هاتینە ئەم مزگەوتە. نوێژی هەینیمان کرد. ئەمن باش نوێژکردنم بە جەماعەت نەدەزانی. نوێژی خۆم کرد و پاڵم لێداوە. پاش نوێژەکە، بابم گوتی : دەبا لەگەڵ خەڵکەکە نوێژت کرد باو لەگەڵ ئەوان سڵاوت داباوە. چەند نوێژکەران گوتیان هەروا فێر دەبیٚ. چەقەخانە. ئەویش زۆر لە مزگەوتەکە چووکەتر نییە. کۆڵەکەکانی بەر هەیوانەکە نۆژەن کراونەتەوە، بەڵام وەستایانە و جوان. ئەم مزگەوتە وەک لەسەر

بەردێک نووسراوەو لە تاقێکی مزگەوتەکەدا دانراوە، سەد و بیست ساڵی تەمەنە. دەسکاری «مێعمارباشی» وەستایەکی مەراغەییە و بە خەرجی خوالێخۆشبوو مەحموود ئاغای ئیلخانیزادە سازکراوە. لە مەزگەوت دێمە دەرێ. لەولاتر ماڵی ئاغایی. چەند نهۆم لە حەسارێکی زۆر گەورەدا. ئەوێش بە قەد مزگەوتەکە تەمەنداره. هێند جوان سازکراوە پێت خۆش نیە چاوی لێ هەڵگری. بورجی چاودێری لە هەر چوار سووچی حەوشەکە ئارفتەبوون. دیارە ئەودەم چاوەدێران لەو بورجانەوە چاویان لە دەور و بەر بووە، بۆ پاراستنی باڵاخانەی ئاغایی. لای خوارووی حەوشەکە، دار و گوڵ و گیای تێدان. چەند داری پستە هێشوویان بەر داوەتەوە. لەوێش دێمە دەرێ، دەچمە گۆڕستانی سەر تەپەکە. گۆڕستانی بنەماڵەی ئیلخانیزادەکانە. لە دەرکەی حەساری تێلبەندەوە دەچمە ژوورێ. دار و درەختی زۆر. گومبەزێکی قەدیمی. لە نێوی دا، چەند گڵکۆ، بینای ئەویش لە خشتی سوور. لەولاتر مزگەوتێکی تازە بیناکراو. بە دەوری ئەو مزگەوت و گومبەزەدا گڵکۆی زۆر. لە نێو گڵکۆکاندا گڵکۆی خوالێخۆشبوو مامۆستا سوارەی ئیلخانیزادەم دیتەوە. تاوێکی لەلا دانیشتم. شێعرێک لە شێعرەکانی خۆیم کە لەبەر بوو، بۆ خوێندەوە. لەسەر ئەو گۆڕستانەوە هەموو شاری بۆکان دەبینی. شوێنێکی دڵگیر و خۆشە. ماڵاواییم لە کاک سوارە و باقی دراوسێکانی کرد و بەرە و

بۆکان گەڕامەوە. هێشتا ڕۆژی مابوو. لـە پارکیلـەی «ناڵەشـکێنە» تاوێک لە کن مامۆستا حەسەن زیرەک و مامە قالـەی شمشـاڵژەن ماندوییم حەساوە. دەنگی زیرەک و نەوای شمشاڵەکەی مامەقالـە دەهاتنە گوێم. لەسەر گڵکۆی مامە قالە ئەم بەیتەی کاک «ئاسۆ»م خوێندەوە : نەوای شمشاڵەکەی تۆ نامرێ قەت / هەمیشە جـەرگی دوژمن پێی دەبـێ لـەت. رۆژی دوایـە بـۆ دیتنـی «قەڵابەردینـە» چوومە ئاغجێوان. ئەو مـەڵبەنـدە زۆر خۆشـە. یەکپارچـە سـەوز. گوندەکانی گۆل، ئاڵبلاغ، داشاغڵ، جامەرد، ئیلانی، قازیخاوی و کانی سەوزەم بەجێ هێشتن و گەیشتمە ئـاغجێوان. قـەڵا بەردینـە شاخێکە یەکپارچە بەرد. دەڵێـی پێپلیکانـە بـۆ وەسـەرکەوتن لـەو شاخە. لەسەر شاخە کە ئاسـەواری قەڵایـەک ماوەتـەوە. شـوێنی نیشتەجێ بوونی حـاکمی قـەڵا، یـان چـاوەدێران بـووە. گونـدی ئاغجێوان ئاخرەمین گوندی ئەو ناوچەیـە. پـاش حەسـانەوەیەک. بـەرەو «ئەشـکەوتی فـەرهاد» وەڕێکـەوتم. ئەشـکەوتی فـەرهاد، بڵیندە. وەتاق وەتاقەو بە داڵانگەلێکی باریک ڕێگـەیان بـۆ یـەکتر هەیە. پاش دیتنی ئەو ئەشـکەوتە بـۆ دیتنـی ئاسـەواری مێژوویـی قەڵای «قەڵایچـی» چوومـە ئـەو گونـدە. گونـدەکانی «گـۆل» و «تۆکمانکەنـدی» و پاشـان «قـەڵایچـی». قـەڵایچی نێـوی گوندەکەیە. ئەو قەڵایەش هەر بەو نێوەیـە و ئاسـەواری ماوەتـەوە. لەسەر تەپەیەکە بەرانبەر گوندەکە. دیوارەکـانی قەڵاکـە هـەرماون.

ساڵی ١٣٦٤ هەتاوی تاڵانچیان تاڵانیان کردۆ. ئەو ئاسەوارانەشی کەماوەتەوە لە مووزەخانەکانی تۆکیۆی ژاپۆن و ورمێی خۆمانن. ئەو قەڵایە ٢٨٠٠ ساڵ لەوە پێش شوێنی فەرمانڕەوایی ماناکان بووە. تەتەڵە و بەردەنووسیشی لێ دۆزراوەتەوە کە بە خەتی ئارمی لێیان نووسراوە. لە نێزیک ئەو قەڵایە ئەشکەوتێکی سروشتی لێیە کە دەرکەکەی هەشت نۆ میتر دەبێ. ئەم ئەشکەوتە یەکێک لە ئەشکەوتە هەرە دەوڵەمەندەکانی وڵاتە. ڕۆژی دوایی چوومە گوندی «ناچیت» بۆ دیتنی کارە هونەریەکانی وەستای دەستڕەنگین و ماندوویی نەناس کاک «عوسمان رەحمانزادە». مامۆستا لە چێو ١۴٠٠ پەیکەرەی جوانی ساز کردوون. بیست و پێنج ساڵی رەبەق. بەو پەیکەرانە هەموو داب و نەریت و رەسم و یاسای کوردی لە فەوتان پاراستووە. تا ئێستا لە زۆر شارەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات پێشانگەی کارە هونەریەکانی داناون. لە تاران نازناوی «پدر ژپتو»ی ئێرانیان خەڵات کردۆ. کاک عوسمان هونەرمەندێکی دڵسۆز و لە دڵ نێزیکە. پەیکەرەکانی پیشاندام و راڤەی‌کردن. پاشان سی‌دیەکی دامێ کە هەموو کارەکانی تێدا تۆمار کراوە. لە نێزیک ماڵەکەشی بە گێچ و سیمان پەیکەرەی ساز کردوون کە دەبێ بچی بیانبینی، چونک بە نووسین و گێڕانەوە لە تاریف نایەن. نیگارکێشی دەست ڕەنگینی بۆکانی کاک کەماڵ ڕەحمانی لە دیوارێکی بەرانبەر ماڵی کاک عوسمان چەند کارێک

لە کارەکانی کاک عوسمانی کێشاوەتەوە. ئەمن بەو نیگارانەدا ماڵی کاک عوسمانم پەیدا کرد. کاک عوسمان دەیەوێ لە شاری بۆکان پێشانگەیەکی دایمی لە کارە هونەریەکانی دانێ. پاش ماڵاوایی لە کاک عوسمان و پەیکەرەجوانەکانی، بەرەو بۆکان گەڕامەوە. ئەو جار بۆ خزمەتی مامۆستای گەورە، شاعیری هەست ناسک، مامۆستا «عەبباس حەقیقی» چوومە سەر مەزاری ئەو بلیمەتە و فاتێحام بە دیاری دایە. کاتژمێر یازدە بوو. بۆ دیتنی مەزاری حەزرەتی شێخ «شەمسەددینی بورهانی» لە گوندی «خانەقا»، لە سی کیلۆمەتری شاری بۆکان بەرەو مەهاباد، وەڕێکەوتم کە لە جادەی بورهانەوە بەرەو خانەقا لادەدەی، لە پێشا گوندی «شەرەفکەند» شوێنی لە دایکبوونی مامۆستا هەژاری مەزن و پاشان گوندی خانەقا. لە دوورەوە گومبەزی پیرۆزی حەزرەتی شێخ شەمسەددین کە لە سەر تەپەیەکی بەرانبەر گوندەکەیە دیارە. ئەو تەپە گۆڕستانی گوندی خانەقایە. بە نێو خانەقادا رۆیشتم. لە تەپەکە وەسەرکەوتم، چوومە نێو موغبەرستانەکە. لە سەر دەرگانەی گومبەزی مەزاری شێخ، ئەم شێعرەی مامۆستا هەژار نووسراوە :بارەگاهێکە شەهەنشای تێدا / سەدەفە و گەوهەری یەکتای تێدا/ماڵی سەر خێڵی خوداناسانە/ بێرەدا چوونە بەهەشت، هاسانە. دەرکەی گومبەز داخرابوو. فاتێحەم خوێند و پاشان بە موغبەرستانەکەدا گەڕام. گڵکۆی «حەزینی موکریانی» شاعیر و

زانای پایەبەرزی کورد. گڵکۆی «ئەبولحەسەن سەیفولقوززات» شاعیری گەورەی کورد. گڵکۆی «عەبدوڵڵا خانی ناهید» ناسراو بە «ئیفتیخار». نووسەر و نیگارکێش و هونەرمەندی گەورە. نیو کاتژمێر بە گۆڕستانەکەدا گەڕام. گڵکۆی گەلێک مێرخاسان و زانایانی گەلەکەمان لەو موغبەرستانەن. پاشان گەڕامەوە بۆ نێو گوندی خانەقا. هەموو کۆڵانەکانی ئەم گوندە بەردچن کراون. گوندێکی پاک و خاوێن. چومە خانەقا. خانەقای شەمسەددینی بورهانی. زۆر گەورەیە. حەوشێکی گەورە، حەوز و کانی، ژووری نوێژکردن بۆ ژنان و پیاوان. چەند وەتاق بۆ حەسانەوەی میوانان. ئی ژنان بە جوێ و ئی پیاوان بە جوێ. هۆڵی گەورە بۆ نان‌خواردن. بینای‌خانەقا بەخشتی سوور و میعماری قەدیم. دیمەنی نێو خانەقا زۆر جوانە. حەوزی دەسنوێژ لە ژووریێ بۆ وەرزی سەرما. حەوزی مەلەش بۆ پیاوان. کتێبخانەی دەوڵەمەند. ژووری فەقێیان. پاش دیتنی کتێبخانە دەسنوێژم هەڵگرت. بانگی نیوەڕۆ درا. نوێژمان بە جەماعەت کرد. جەماعەتی پیاوان نزیکەی پەنجا کەس دەبوون. لە زۆر شوێنی جیاجیاوە هاتبوون؛ ورمێ، شنۆ، مەهاباد.... لەسەر دەرکەی خانەقا نووسراوە «هەرکەس هات میوانی مەیە، نانی دەنێ و لە ئیمانی مەکۆڵنەوە، ئێرە ماڵی هەموانە.» پاش نان خواردن گەڕامەوە بۆ بۆکان. پارکەکانی ساحلی و محەممەدیە و پارکی شارۆک ماندوویی ئەو ڕۆژانەیان

دەحەسـاندمەوە. بۆکـان شـوێنی دیکەشـی زۆرن، وەک «قـەڵای تبت»، «قەڵای کچی بـەگ»، «پـردی سـوڵتان»، «کێـوەڕەش»، «سەددی بۆکان»، «کێوی بەردەزەرد»، کە گڵکۆی نەمر کەژەوانی هێـژا «کـاک موقبیـل هونەرپـەژووە» لـە داوێنـی دایـە. کێـوی «تەرەغـە»، «پیرمحەممـەد»، گڵکـۆی «حـاجی شـێخ سـۆفی». گڵکۆی «شێخ گوڵ»، گڵکـۆی «ئەحمـەدی کـوێر» شـاعیری دڵ زیندوو و زۆر شوێنی تر.

## ئەم بەرهەمانە لە نووسەری ئەم کتێبە چاپ و بڵاوکراوەتەوە

١ ـ سێبەری خەیاڵ

٢ ـ تەقیلە

٣ ـ بەیبوون

٤ ـ قسەی خۆش با ون نەبێ

٥ ـ سەفەرێك بۆ هەولێر

٦ـ کانی ئەوین

٧ـ تەسبێحفرۆش

## ئەم کتێبانەش بۆ منداڵان لەم نووسەرە چاپ و بڵاوکراوەتەوە :

١ـ شادی (شێعر)

٢ـ ئاشتی (شێعر)

٣ـ دنیای بێگەرد (شێعر)

٤ـ کۆتر و مێرووله (چیرۆك)

٥ـ نیان و پەپووله (چیرۆك)

٦ـ ئازار (چیرۆك)

٧ـ شێتەو ژیره (چیرۆك)

٨ـ ئالا (چیرۆك)

٩ـ گردنبند آبی (لە کوردیەوە بۆ فارسی) ملوانکەی شین

١٠ـ زەماوەندی مشکەخان (چیرۆك)

١١ـ مشکی برسی (چیرۆك)

١٢ـ سفر به تبریز (قلب آذربایجان)

١٣ـ سفرهای شیما

١٤ـ ڕاستگۆیی (چیرۆك)

١٥ـ پاساری (شێعر)

١٦ـ سەفەرێك بۆ شاری بۆکان